# لەیلا قاسم

## تەمەنێکی بچووک و مێژوویەکی گەورە

## (١٩٥٠_١٩٧٤ز)

(توێژینەوەیەکی مێژووییە، دەربارەی ژیان و رۆڵی سیاسی)

تــوێـژەر:

**هونەر نەوزاد (کۆتاك)**

**١٤٣٢ کۆچی** **٢٠١١ زایینی** **٢٧١١ کوردی**

له بلاّوكراوەكانی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان
ناوی كتێب: لەیلا قاسم
تەمەنێكی بچووك و مێژوویەكی گەورە (١٩٥٠_١٩٧٤ز)
بـــابەت : بیبلۆگرافیا
نووســـەر:
بلاّوكـەرەوە: یەكێتی ئافرەتانی كوردستان
شوێنی چاپ: هەولێر:
ساڵی چـاپ: ٢٠١١

له كتێبخانەی گشتی هەولێر
ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتیّ.

(له شۆڕشەکانی گەلی کوردستان ئافرەت هەموو شتێك بوو،

مامۆستا و پێشمەرگە  و کرێکار  بوو)

مەسعود بارزانی

هەر کـەسێ لەپێناو خاکەکەی بڕژێنێ خینی
نەمرە، بەهەشتییە، پیرۆزە لای خالیقی زەمینی

هونەر نەوزاد (گۆتاك)

**پێشکەشە:**

⭑بەهەموو دروستکراوێکی تێگەیشتوو دوای خالیقی زەمین و بەندەی خوا ڕەسولی خاتەم نیشتمان ومەفتەنەکەی لەهەموو شتێکی تر لەلا فەڕزتر و پیرۆزتربێ.

⭑بە ڕوحی پاکی شۆڕشگێڕی ڕێی ڕزگاریخوازی کورد (لەیلا قاسم) .

⭑بەو کەسانەی بەچاوی فورقان سەیری ئافرەت دەکەن و نە سووکایەتی پێ دەکەن و نە لەخۆی زیاتری پێ دەدەن.

⭑بەدایکم، بەزمانە شیرینەکەی، بەو زمانەی گشت کات ئاواتەخوازم لەڕۆژی دواییدا لێپێچینەوە و حەشرم پێی لەگەڵ بکرێ.

⭑بە خوشك و براکان و هاوڕێکانم کە دڵێکن پڕ لە سۆز، ڕەنگێکن تەژی لەجوانی.

⭑بەو کەسانەی بەحەق هەر حەق و بە ناحەق ناحەق دەڵێن و هەرگیز ملکەچی ناحەق نابن.

## سوپاس و دەستخۆشی

سەرەتا وتەیەك هەیە دەڵێ: (ئەگەر لەپاداشت كردندا دەستت كورتە، لە سوپاس كردندا زمانت درێژبێت) بۆیە بەر لەهەموو شتێ لە كرۆكی دڵەوە سوپاسێكی بێ ئەندازە و بێ سنووری خوای بێ خوا دەكەم كە دانەری زەوی و ڕاگری ئاسمانە، دروستكەری بوونەوەر و ئینسانە، ئەگەر سۆز و هاوكاری ئەو نەبوایە نامومكین بوو ئەو توێژینەوە تەواوبوونی بەچەشمی خۆیەوە بدیبا، هەڵبەتە هەموو كارێكی چاكی مرۆڤ لەخواوەیە و هەموو كارە ناحەز و بزێوەكانیش لە نەفس و شەیتانەوەیە.

* سوپاسێكی زۆر تایبەتی هونەرمەند و دەرهێنەر كاك (ئەمیر تەها) دەكەم، كە بەپێدانی فیلمێكی دۆكیۆمێنتی هاوكاری كردم، ئەم فیلمە بە ناونیشانی (لەیلا هێمایەك بۆ بەرخودان) لە سیناریۆ و دەرهێنانی خودی بەڕێزیان بوو، ئەم سەرچاوەیە لە سەرچاوە گرنگەكانی ئەم توێژینەوەیە بوو، دووبارە سوپاسی بەڕێزیان دەكەم.

* سوپاسی تایبەتی هاوڕێی خۆشەویستم كاك (هەردی كرمانج) دەكەم، سایتە ئەلیكترۆنییەكان گشتیان هاوكاری ئەو بوون بۆ من و بەدەر لەمەش هاوكارێكی مەعنەوی گرنگ بوو بۆ تەواوبوونی توێژینەوەكە.

*زۆر سوپاسی یەكە بە یەكەی ئەو دۆست و خۆشەویستانە دەكەم كە هەریەكە و بە چەشنێ هاوكارییان كردووم، لەڕووی سەرچاوە و بیروڕا و ئایدیا و. ..هتد.

*م. فوئاد حەسەن

*م.فازڵ مەجید

*م.دیار (مامۆستا لە كۆلیژی پەروەردە_ بەشی كوردی)

*كاك فەرەیدون عارف

*م.دلشاد (مامۆستا لەكۆلیژی ئەدەبیات_ بەشی مێژوو)

*م.سالار یوسف

⋆سوپاسـی کتێبخانـەی بەشـی مێـژووی ئێـواران و کارمەنـدە بـەڕێزەکانی ئـەو کتێبخانەیە دەکەم.
⋆سوپاس و دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەهەر شێوەیەك هاوکاری ئەو توێژینەوەیان کردبێ تەنانەت بەپیتێك یا بە وشەیەکی دەستخۆشیش بووبێ.

## لیستی دروشمە کورتکراوەکان

ز : زایینی
گ : گۆڤار
ج : جمك
ل : لاپەڕە
ژ : ژمارە
چ : چاپ
ب : بەش
ب : بەرگ
لا.ن : لاپەڕە نادیار
ﻫ.س : هەمان سەرچاوە
س.پ : سەرچاوەی پێشوو
س.ن : ساڵ نادیار
س.د : سیناریۆ و دەرهێنان
چ.ل : چاوپێکەوتن لەگەڵ
ڕ : ڕێکەوت
پ.ش.س : پۆلی شەشەمی سەرەتایی
د.ل.و.پ : دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە
ڕ : ڕۆژنامە
ﻫ : هەفتەنامە
م : مامۆستا
س.چ : سەرپەرشتی چاپ
ش.ن : شوێن نادیار

و : وتار

د : دكتۆر

م : ميلادى

ع : العدد

ص : صفحه

ج : جريده

## پێڕست لاپەڕە


بەرکۆڵ.......... ١١
بەشی یەکەم.......... ١٩
تەوەرەی یەکەم: ژیاننامەی لەیلا قاسم.......... ٢٠
تەوەرەی دووەم: چالاکییە سیاسییەکانی لەیلا قاسم.......... ٢٥
بەشی دووەم:.......... ٣٢
تەوەرەی یەکەم: دواساتەکانی ژیانی لەیلا قاسم.......... ٣٣
تەوەرەی دووەم: دەنگدانەوەی مەرگی لەیلا لەلای نووسەران و شاعیران.......... ٤٦
بەشی سێ یەم:.......... ٥٦
تەوەرەی یەکەم: کاریگەری مەرگی تراژیدی لەیلا لەسەر هەست ونەستەکان.......... ٥٧
تەوەرەی دووەم: هەوڵدان بۆ نەمری لەیلا.......... ٦٢
دەرئەنجام.......... ٦٦
پاشکۆی وێنەکان.......... ٦٨
لیستی سەرچاوەکان.......... ١١٢

## بەرکۆڵ

کورد بەدرێژایی مێژوو میللەتێکی ستەم دیدەو ستەم لێکراو و ماف خوراوە، میللەتێکی بێ دۆست و خودان هەزار دوژمنە، میللەتێکە دانەوێڵەی دەوری داوە، لەدەیان لاوە دوژمن دەوری داوە، لەپێناو نەوت و سامانەکەی گشتیان بۆسەیان بۆ داناوە، ڕاستە ژمارەی دانیشتوانی لەئێستادا پتر لە (٣٠) ملیۆن کەسە، وەلێ تا هەنووکەش ماخۆی مەفتەنەکی سەربەخۆو بەیداخێکی باوەڕپێکراوو زمانێکی ستانداردی گێتی نییە، میللەتێکی حساب بۆ نەکراوە، ڕاستە خاکێکی لێوان لێو لە نەوت و کانزا و سامانی سروشتی هەیە، بەڵام قۆرخ کراو و دەست بەسەردا گیراوە، ڕاستە ئازادی هەیە، بەڵام لەنێو چوارچێوەیەو سنوور دراوە، ڕاستە مرۆڤەکانی زمانیان هەیە، بەڵام لاڵ و بەستراوە، ڕاستە گوێچکەیان هەیە، بەڵام کەڕ و مز تێکراوە، ڕاستە چەشمیان هەیە، بەڵام کوێر و نابینا و ڕژێنراوە، ڕاستە دەستیان هەیە، بەڵام گۆج و بڕاوە، ڕاستە قاچیان هەیە، بەڵام شەل و کۆت و زنجیر کراوە، بەگشتی هەیکەلەکانی مرۆڤی کورد کەمالن، بەڵام گشت ئەندامەکانیان ناکەمال و کەم ئەندام و خودان پێداویستی تایبەتن، ئاخۆ ئەبێ لەئاکامی چ شتێکەوە بێ کورد و خاك و مرۆڤەکانی وایان بەسەر هاتبێ؟!! بێ خش ستەمی ستەمکاران و چەوساندنەوەی ئەم میللەتە داماوە لەلایەن زۆرداران و داگیرکەران لەلایەك و لەلایەکی ترەوە نابێ ئەوەشمان لەبیرو ئەندێشە دەربچێ کە بەدڵنیاییەوە سووچ و خەتای خۆشمانی تێدایە وەکو کوردێك ئەبێ دان بەو ڕاستییە دابنێین چون پێشینانی کورد خۆیان ئەڵێن: (ئەگەر دەرزیت لەچاوی خەڵکی بینی نابێ شوژنی لەچاوی خۆتەوە نەبینی) ، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەوە ماوەی چەند سەدەیەکە کورد تا نهۆش نەبۆتە خاوەن وڵات و خاوەن ئاڵایەکی جیهانی کەچی برێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان هەیە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر کەمتر و کەمتر لەنیوەی دانیشتوانی کوردە کەچی ئەمان گەیشتوونەتە هەموو مافەکانی خۆیان و هەموو مەرامەکانیان بۆ مەیسەر بووە، بۆنموونە وڵاتێکی وەکو (فاتیکان) کە ژمارەی

دانیشتوانی کەمتر لەهەزار (١٠٠٠) کەسە و ڕووبەری وڵاتەکەی (١) یەك کم٢ یە، کەچی ماخۆی ئالأی سەربەخۆیە و بەیەکێك لە وڵاتانی گێتی هەژمارد دەکرێ، کەچی بەقولأیی و درێژایی مێژوو مەرامەکانی کورد هەمووی بڵقی سەر ئاو و مەرەکەبی سەر کاغەز بووە، کورد و دەسەڵاتەکەی چەشنی خانوێك وایە کە ئەسەر زەویەکی ڕەق و بێ بادلۆ لێدان ئەم خانووە سازکرابێ، بۆیە هەرکاتێك ڕەشەبای بۆ بێ زۆر بەئاسانی و بێ سێ و دوو وێران و خاپوور دەبێ، وەکو دارێك وایە کە ڕەگی زۆر لەزەویدا نەچووبێتە خوار و بەبایەکی ئاسایی مەترسی هەڵقەلأنی لێ دەکرێت، هەروەك پێشینانیش فەرموویانە: (ئەگەر دار کرمی لەخۆی نەبێ عومری هەزار ساڵە) یا (ئەگەر دار هۆڕەی لەخۆی نەبێ ناقڵێشێت) ! بەهەرحاڵ کورد وتەنی: (ئەم هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ) . سەرەڕای ئەو هەموو گرفت و ئافات و نەهامەتییانە هەرکاتێ کورد تەمای ئەوەی هەبووبێ  بگات بەمافەکانی خۆی و ئازادانە بژی ئەوا ڕووبەڕووی سەرسەختترین ستەمی داگیرکەر و نەیار و غەنیمان هاتۆتەوە، ئێ خۆ نالوێش چۆك دابدەی و دەستەوەستان بوەستی و سەیری زوڵمەکانی داگیرکەر بکەی دەرهەق بەگەلەکەت و لەئاستیا کرو بێ دەنگ بی، ئەشێ هەوڵ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و خۆدەربازکردن لەچنگی داگیرکەر بدەی لەم پێناوەشدا ئەبێ قوربانی بدەی چون (ئازادی بێ قوربانیدان نابێ) ئاسا هەر وتراویشە: (ئازادی بۆ مرۆڤ نایەتە خوارەوە ئەبێ مرۆڤ بۆی سەرکەوێ) قوربانیدانی کورد بۆ ئەم مەبەستە گەلێ زۆرن هەر لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵلأی نەهریەوە بگرە تا شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاك و قازی محەمەد و چوار ئەفسەرە سەربەرزەکەی کۆماری مەهاباد و...هتاد، ئەو قوربانیدانانەش دەگەڕێنەوە بۆ دەستە خۆرەکانی داگیرکەر و ستەمکارانی وەك (ئینگلیز و ئێرانی  و تورکیای مستەفا کەمال و بەعسی فاشیزم و. ..هتاد)  ئەمە جگە لە قوربانیدانەکانی پێش ئەم شۆڕشگێڕانەش کە کورد و گەلەکەی چەرمەسەری و دەردەسەری زۆریان دیوە بەدەستە گەمارەکانی

(عوسمانی و سەفەوی) مێـژووش ڕاسـتگۆترین گەواهیـدەرە بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتیەتی ئـەم قسانە و لـەدوو تـوێی دەیـان کتێـب چەوسـاندنەوەی ئـەم داگیرکەرانـە دەرهـەق بـەکورد و بەمێـژووی مرۆڤایـەتی کـورد تۆمـارکراوە، ئـەوە مێـژووەو کـەس فێڵـی لەمێژوو پێنـاکرێ ئـەوەی فێـڵ لەمێـژوو بکات مێـژوو سەرشـۆڕ و ریسوای دەکات و دەیخاتـە زبڵدانی خۆیـەوە، لـەنێو خـر ئـەو زۆردار و داگیرکەرانـەی نێومـان بـردوون ئـەوەی پێویسـتە ئێمـە لێـرەدا هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەین و باسـی بکـەین ڕژێمـی بەعسی فاشییە، ڕژێمی بەعس هیچ کات کوردی نەبە نەتـەوە و نەبـە کەمـە نەتـەوە دانەناوەو هیچ ساتێکیش ئامادە نـەبووە دانـی پیابنێـت، هـەموو کـات کوردی مێـوان ئاسا سەیر کردووەو وەکو گەشتیار حسابی بۆ کردووەو پێی وابووە ئـەم خاکـە تـەنها هی عەرەبە و کورد مێوانەو دەبێ ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم خاکە بۆ نەتەوەی عەرەب جێ بێڵێ، ئەم ڕژێمە پیسترین سیاسەتی خۆی بەسەر کورددا سەپاندووەو کە بریتـی بـوو لەسیاسـەتی سێکوچـکەی بەعسـیان: (تـەرحیل و تـەعریب و تـەبعیس) بەهـەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی کوردی داوەو هەموو جۆرە چەکێکی بەجەستەو گیـانی کورد تاقی کردۆتەوە پیسترینیشیان چەکی کیمیایی بووە، هەروەك دەزانرێ هەر بەم چەکە پیسەش بوو  لەهەڵەبجەی شەهیدی دا و زیاتر لە (٥) هەزار  گیانی بێ تاوانی حەواڵەی دنیاکەی تر کرد، هەڵبەتە سەرباری گشت ئەم نەهامەتیانەش  خۆڕاگری و دلێری و هەستی نەتەوەیی بەهێزترین چـەکی کـورد بـووە، کـورد هەمیشـە لەئـەنتی خوێن ڕشتن بووەو هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە بە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆو ئاشـتی چارەسـەری کێشـەکان و دۆزی ڕەوای گەلەکـەی بکـات و جـەنگ و شـەڕی بـەدوا چارەسەری کێشەکان زانیوە، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەو مـاوەی بـەکورد نـەداوە تـاوەکو ئامانجەکانی بپێکێ و هەوڵەکانی بۆ مەیسەر بێت، مەگەر تەنها ئەو کاتانە نـەبێ کـە ئـەم ڕژێمـە بـۆ مەبەسـت و بەرژەوەندییـەکانی خـۆی ڕێگـای دانوسـان و بەیاننامـەو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ کورد هەڵبـژاردووە وەك لەبەیاننامـەی (١١) ی مـارتی (١٩٧٠ز) ئەم مەبەستە گلاوەی ڕژێمی بەعس  زۆر بەڕوونی بەدیار دەکەوێ.

دوای شۆڕشی (١٤) ی تەمموزی (١٩٥٨ز) و گەڕانەوەی بارزانی لە تاراوگەو لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کورد و سەرکردایەتی کورد لەبارودۆخێکی ناهەموار و ئاڵۆزدابوون و هەربۆیە هێندەی نەبرد شۆڕشی ئەیلول لە (١١) ی ئەیلولی (١٩٦١ز) دەستی پێکرد و هۆکاری شۆڕشەکەش ئەوەبوو لەئەنجامی تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و عەبدولکەریم قاسم بووە، هۆکاری نەمانی بڕواو متمانە لەنێوان هەردوولاوە، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەڵسا بەداخستنی مەقەڕی پارتی و ڕۆژنامەکان و هەڕەشەی هەڵمەتی ڕۆژنامەی عەرەبی بۆ سەر کورد و...هتاد، لەوکات و ساتە ناسکەدا کورد و سەرکردایەتی شۆڕش بەبێ هیچ خۆ ئامادەکردنێك و سەرباری کەمی چەك و تفاق لەدژی ڕژێمی بەعس دەستیان بە شۆڕش کرد و هەستی بەرزی نەتەوەیی و ئازایی و نەبەردی ڕۆڵەکانی کورد وایکرد بەرەنگارییەکی بەهێزی ڕژێمی داگیرکەر بکەن و درێژە بە کاروانی خەبات و شۆڕش بدەن تا ساڵی (١٩٧٥ز) ، شۆڕشی ئەیلول بەدرێژترین شۆڕش دادەنرێت لەمێژووی هاوچەرخی کورددا کە ماوەی (١٤) ساڵی ڕەبەقی خایاند، ئەگەر دەستی خیانەت و پاڵپشتی وڵاتانی دەرەوە بۆ حکومەتی بەغدا و ڕێککەوتننامەی جەزائیری ناپیرۆز نەبوایە ئەگەری زۆری هەبوو لەبڕی هەرەس هێنان سەرکەوتن بەدەست هاتبوایە، ئەوەی جێگەی شانازی بێ گشت چین و توێژی کورد بە وردو درشتەوە هەستێکی بەرزی نەتەوەیی لەناخیان چەکەرەی کردبوو، بەتایبەتی چینی لاوان هەستی نەتەوەیی و گیانی لەخۆ بردوو و ئازاییان یەکجار بەرز بوو، خەباتی لاوان دژ بە ڕژێمی بەعس دابەش ببوو بۆ چەند بەشێك بەشێکیان لە شاخە سەختەکان خەباتیان دەکرد، بەشێکی تریان لە گوند و دێهاتەکان خەبات و کۆششیان دەکرد بەشێکی تریان کە دەتوانین بڵێین ئەم بەشە گرنگتر و مەترسیداردار تربوو لەدوو بەشەکەی تر ئەویش خەبات کردن بوو لەناو شار و لەناو جەرگەی شۆڕش لەبەغدا بوو، لەم لایەنەشەوە ڕۆڵی لاوان زۆر بەرچاو و کاریگەر بوو بەتایبەتی لەزانکۆ قوتابیان و خوێندکارانی لاوی کورد بەهەردوو ڕەگەزەوە زۆر نەبەرد و چاونەترس و بێ باك

لەگیانی خۆیان کۆششیان دەکرد، ئەگەر چی باشیش دەیانزانی بەئاشکرابوونیان دەبێ دەستبەرداری ڕوحی خۆیان بن بۆ ڕژێمی ڕوح بەری لەناوبەر، لەناو لاوانی زانکۆ دیارترینیان شانەکەی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بوون ئەمانە سەرباری خوێندنیان و لەپای خوێندنەکەیان بەنهێنی خەباتیان دەکرد و ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو زۆر قورس و مەترسیداربوو، لەیلا قاسم و هاوڕێکانی تا دوانەفەس و هەناسە خەباتیان کرد و کۆششیان کرد بۆ گەلەکەیان و تا لەم ڕێگەیەوە گیانی خۆیان سپارد و فیدای خاك و نیشتمانیان کرد، بەتایبەتی لەیلا قاسم وەکو کچێکی تەمەن بچووك و کەم دنیادیو ئەم بارە قورسەی خستبووە سەرشانی و ئامادەبوو لەهەر ساتێکدا لەپێناوی خاك و نیشتمانەکەی گیانی ببەخشێ، دەبێ گەورەیی و ئازایی لەیلا قاسم چەند بووبێ؟!! کاتێ لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٩) لەڕاشکانی شەودا مەفرەزەیەکی بەعس هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی و دەس بەسەری دەکەن، لەبەر سادە و ساکاری لەیلا قاسم یەکێك لەو گەورە ئەفسەرانەی کە مۆڵەتی گرتنی لەیلا قاسمی پێ ڕاسپێردرابوو کاتێ لەیلا دەبینی بەم چەشنە سادەییەوە بە واق وڕمانەوە پێی دەڵێ: چما تۆ لەیلا قاسمی ئەو هەرا و هۆریایەو کاروباری حکومەتێکت تێك داوە؟!! ئازایی و نەبەردی لەیلا قاسم لە زمانی ئەو ئەفسەرە زۆر بەڕوونی بەدیاردەکەوێ، کچێك بەم تەمەنە بچووکەیەوە کاروباری حکومەتێك تێك بدا و حکومەتێك بەدەستیەوە گیرۆدە بووبێ، ئایا دەبێ چ بڕوا بەخۆبوونێك و لەخۆبووردەییەك و ئازایەتییەك لەم کچەدا هەبووبێ؟!! سەرەنجام دوای تەمەنێکی کەم بەڵام پڕ بایەخ، ئەم قارەمانە و هاوڕێکانی بەدەستی ڕژێم لەسێدارە دەدرێن، بەیارمەتی خوای بێ خوا دواتر لەبەشەکانی داهاتوو باسی قارەمانییەتی ئەم پۆلە شۆڕشگێڕەتان بۆ دەکەین.

توێژینەوە لەبواری زانستیدا جێگەیەکی تایبەتی و دیاری هەیە بەتایبەتی توێژینەوەیەك لەبواری پراکتیکیدا بێت، ئەگەرچی توێژینەوەش لەناونیشانێکی گرنگی وەکو (لەیلا قاسم) کارێکی پێویستەو لەهەمان کاتیشدا کارێکی سەخت و

دژواریشە، چونکە گرنگترین کەرەستە بۆ تـەواوکردنی توێژینەوەیـەکی ڕێکوپێك و جـوان، بـوونی سەرچـاوەی زۆرو بـاوەڕپێـکراوە ئەمــە لــەلایەك، لەلایـەکی تـرەوە ئەگــەرهاتوو ناونیشــانی هەڵبــژێردراو سەرچــاوە گەلێکیشــی لەســەر بــوو ئــەوا تەواوکردنی کارێـکی ئاسان نییەو شـەونخوونی و مانـدووبوونێکـی زۆری دەوێ، ئـەی هەڵبژاردنی ناونیشانێکی وەکو (لەیلا قاسم) کە تا بڵێـی سەرچاوە کەمـە لەسـەری و ئــەوەی هەشــە بۆچــوونی جیــاوازی زۆری تێدایــە، ئــەی دەبــێ تــەواوکردنی ئــەم توێژینەوەیــە کــارێکی چــەند ئەســتەم و دژوار و نــاخۆش بــێ بــۆ توێــژەر؟! وەلێ گـرنگترین شـتیش لەژیانـدا ئـیرادەی بـەهێز و هەوڵـدان و بـاوەڕ بــەخۆبوونە، بۆیـە لەئاکامی هەوڵدانێکی زۆر و ساردنەبوونەوە بە قسەگەلێکی ساردکەرەوەو سەرکەشـی کـردن و بەیارمــەتی خـودای مــەزن و پـیرۆز لەکارەکەمــاندا تــا ڕادەیــەکی گونجـاو سەرکەوتین.

پلانی توێژینەوەکە پێکدێ لەسێ بەش و هەربەش و لەدوو تـەوەرە پێـك دێ، لەگـەڵ دەرئەنجامەکـەی، لەبەشـی یەکـەم و لەتـەوەرەی یــەکەم: باسـی ژیاننامــەو خێزانی لەیلا قاسم کراوە و گرنگترین شتیش ساڵی لەدایك بـوون و سـاڵی وەرگیرانـی لە زانکۆ لەنێو بۆچوونە جیاجیاکانی نووسەران یەکلایی کراوەتەوە.

لەتەوەرەی دووەم: باسـی چالاکییە سیاسـییەکانی لـەیلا قاسـم کـراوە کەلەتـەك هاوڕێکـانی خـەباتێکی بـێ وچـان دەکـات و تائـەو کاتـەی لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە دەستگیر دەکرێت.

لەبەشی دووەم و لەتەوەرەی یەکەم: باسی دواساتەکانی ژیانی لەیلا قاسم کـراوە، کـەدوای دەسـتگیرکردنی بۆمـاوەی دوو هەفتـە لـە زینـدانی ئـەبوغرێب لـەژێر ئـازارو ئەشکەنجە دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی لەسێدارە دەدرێت لەلایەن ڕژێمەوە.

لەتەوەرەی دووەم: باسی دەنگدانەوەی مەرگی لەیلا لـەلای نووسـەران و شـاعیران کراوە، هەر چەندە تاڕادەیەکی زۆر نووسەران و مێژوونووسانی کـورد کەمتەرخـەم و خەمسارد بوونـە لەئاسـت مێـژووی ئـەم کچە خـەباتگێڕە و ئاوڕیـان لێ نەداوەتـەوە،

هەربۆیەش ئەم کچە قارەمانە تا هەنووکەش خاوەنی نامیلکە و نووسراوێك نییە تایبەت بەخودی خۆی بێ، هەروەها ئەو نووسەرانەشی کەلەکتێبەکانیاندا لەگۆشەی یەك دوو لاپەڕەدا زۆر بەکورتی باسی ئەم قارەمانەیان کردووە، ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات و بەدڵنیاییەوە زۆر کەمتریشە، هەروەها باسی کۆمەڵێك شاعیر کراوە کە بەسەر لەیلا قاسم شیعریان گوتووە دیارترینیان شاعیری گەورەی کورد (هێمن موکریانی) یە.

لەبەشی سێ یەم و لەتەوەرەی یەکەم: باسی کاریگەری مەرگی تراژیدی لەیلا کراوە لەسەر هەست و نەستەکان، بۆ ئەمەش دوو نموونە هێنراوەتەوە کە مەرگی لەیلا بۆتە یادەوەرییەکی تاڵ لەژیانیاندا، یەکەمیان: کاریگەری مەرگی لەیلا لەسەر هەست و نەستی (بارزانی و مەسعود بارزانی) .دووەمیشیان: کاریگەری مەرگی لەیلا لەسەر هەست و نەستی (فەخرەدین تاهیر) کەپێشمەرگەیەکی حەفتایەکانی پارتییە.

لەتەوەرەی دووەم: باسی گرنگترین ئەو هەوڵانە کراوە کە ناوی لەیلایان نەمر کردووە کە ئەگەر ئەم هەوڵانە نەبوایە ڕەنگە زۆربەی نەوەی ئێستا ناوی لەیلا قاسمی گوێ بیست نەبوایە، هەوڵەکانیش پێکهاتوون لە: (کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس و فیلمی دۆکیۆمێنتی و بەناوکردنی دامو دەزگاکانی حکومەت بەناوی لەیلا قاسم) ەوە. پاش تەواوکردنی بەشەکان و تەوەرەکان دەرئەنجامی توێژینەوەکەخراوەتەڕوو .

شایانی وتنە لەئامادەکرنی ئەو توێژینەوەدا گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی بووینەوە کەپێشتریش هێما و ئاماژەی پێکرابوو کەمی سەرچاوە بوو کەمی سەرچاوەش وادەکات کە توێژینەوە خاڵی نەبێت لە نەقس و کەم و کوڕی، بەهەرحاڵ ئەو سەرچاوانەی کە کتێب بوون و یارمەتی دەر بوون بۆ تەواوبوون بریتین لە: (شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەرگی (٢، ١) ، مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی

سێ یەم، بەشی دووەم) .وەڵێ گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە یارمەتیدەرێکی بەهێز بوون بۆ تەواوبوون، بریتین لە: (فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا هێمایەك بۆ بەرخودان، سیناریۆ و دەرهێنانی (ئەمیر تەها) ، گۆڤارەکان، سایتە ئەلیکترۆنییەکان، دیدارە گرنگەکان) بوون.

لەدوماهیدا دەڵێین هیچ شتێك کەمال نییە، چونکە کەمالیەت سیفەتێکە تایبەتە بە خودای مەزن و پەرتووکەکەی، هەروەك (عیماد ئەسفەهانی) دەڵێ: (شك نابەم کەسێك شتێکی نووسیبێ بۆ ڕۆژی دواتر نەی وتبێت ئەگەر ئەوەم گۆڕیبا چاکتر ئەبوو، ئەگەر ئەوەم لەپێش ئەوەیانەوە نووسیبا جوانتر ئەبوو، ئەگەر ئەوەم بۆ زیادبکردایە خۆشتر ئەبوو) ئەوەش پەندێکە ئەوە ئەسەلمێنێ کە کەمالیەت سیفەتێکە تایبەتە بە خوداو پەرتووکەکەی و هیچ شتێك بەدەر نییە لە کەموکوڕی، بۆیە ئەو توێژینەوەیەش بەدەر نییە لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونە و ڕەنگە هەڵە و نەقسی تێدابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەی لەتوانامانـدا بوو کردمان و هیواداریشین کارێکی جوان و ڕاستگۆیانەو شایستەمان بۆ مێژووی ئەو شۆڕشگێڕەو هاوڕێیە شۆڕشگێڕەکانی کردبێ و ئاوڕدانەوەو خزمەتێکی بچووکیش بێ بۆ مێژووی کورد.

هونەر نەوزاد (کۆتاك)
٢٠١٠/٤/١٧ز
kotak@yahoo.com

## بەشی یەکەم:

## ژیاننامە و چالاکییە سیاسییەکانی لەیلا قاسم

### تەوەری یەکەم:

### ژیاننامەی لەیلا قاسم

### تەوەری دووەم:

### چالاکییە سیاسییەکانی لەیلا قاسم

**تەوەری یەکەم: ژیاننامەی لەیلا قاسم**

کچە خەباتگێڕ و تێکۆشەری نەمرمان بەکردەوە، ناوی تەواوی خاتوو (لەیلا قاسم حەسەن عەلی) یە[١]، لەقەزای (خانەقین) [٢] و لەگوندی (بانمیل) لە عەشیرەتی (وندی) سەر بە پارێزگای (دیالە) [٣] لەخێزانێکی هەژار و نەدار و کوردپەروەر چاوی بەدونیا هەڵێناوە[٤].

سەبارەت بەساڵی لەدایك بوونی بۆچوونی جیاواز هەیە لەنێوان نووسەران، هەندێك دەڵێن لە ساڵی (١٩٥٢ز) لەدایك بووە[٥]، هەندێکی تر دەڵێن لەساڵی (١٩٥٣ز) لەدایك بووە[٦]، هەرچەندە لەسەر کێلی گۆڕەکەشی نووسراوە (١٩٥١ز) لەدایك بووە[٧]، بەڵام ڕاستترینیان لە (٢٧/ ١٢ / ١٩٥٠ز) [٨]، لەخێزانێکی کوردی فەیلی[٩] و ئاینزای شیعە لەدایك بووە[١٠].

---

[١] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٢٢).

[٢] خانەقین: شارێکە لە سنووری عێراق و ئێراندا،شارێکی کوردانە شوێنێکی دڵگیر و جوانە سەرە ڕێگای هاتوچۆی کاروانەکانی بازرگانان بووە گەڵ خاڵی بۆ حەسانەوەیان تێدابووە،وشەکە کوردییە واتە (خانەکان)عەرەبەکان کردوویانە بە خانەقین.

[٣] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٢٢).

[٤] .www.medlem.spray.se

[٥] چیاو عبدالخالق المندلاوی،الاسگورە الکوردیە لیلی قاسم،ج:التاخی،ع(٥٨٦٣)،الخمیس ٢٠١٠/٥/١٣،بغداد،ص ،ملف خاص ٣.

[٦] کەریم شارەزا،کچە کوردی خەباتگێڕ و بووکی کوردستان شەهید لەیلا قاسم،گ k٢١:،ژ،ج(٣،٢)،(هەولێر٢٠٠٨ز)،ل١٣٢.

[٧] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٥٩).

[٨] فیلمی دۆکیۆمێنتی،لەیلا هێمایەك بۆ بەرخودان،س،د، ئەمیرتەها،(هەولێر ٢٠٠٩ز).

[٩] .www.gilgamish.org

[١٠] دیدار لەگەڵ بەڕێز (محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی) هاوڕێی شەهیدان :(ئازاد میران و نەریمان فوئاد و حەسەن حەمە ڕەشید) لەزانکۆ ،هەولێر،ڕ: (٢٠٠٩/١١/٥ز).

بۆئـەوەی نـەزانرێ کـە شـارێکی کوردانـە، هـەروەها قـەزای خانـەقین زۆر بەتونـدی کەوتـۆتە بـەر پێلـی بەعـەرەب کـردن تـا ئـەو ڕادە یـەی هـەبوونی کـورد لەهەنـدێ ناوچاندا بۆ نیشتەجێکراوی عێراقی نامۆیە، بەو شێوەیە ڕێژەی کـورد لەسـەرجەمی دانیشـتواندا لـەنێوان سـاڵی (١٩٦٥ز) سـاڵی (١٩٧٧ز) دا لـە (٥٥٪) بـۆ (٣٧٪) دابـەزی (سەرباری ٥) ، واتە (١٨٪) کەمی کردووە، کەچی هی عـەرەبیش لـە (٣٦٪) بـۆ (٦٢٪) بەرزبووەتەوە، واتە (٢٦٪) زیادی کردووە، هۆی سەرەکی کەمییەکە لەکۆچبەرکردنی کـورد و نیشـتەجێکردنی عـەرەب و ناونووسـکردنی کـورد بەعـەرەب دایـە. بڕوانـە: جەلال ئەمین بـەگ، مێـژووی کـورد و هاوسـێکانی، چ١، ب١، (٢٠٠٣ز) ، ش.ن، ل.ن؛عـەبـدوڵلا غـەفور، پێکهاتـەی نەتـەوەیی دانیشـتوان لەباشـووری کوردسـتاندا، بـەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق _ (١٩٧٧ز) ، (سلێمانی٢٠٠٥ز) ، ل٣٩.

ئـەو خـانووەی لـەیلای تێـدا گـەورە و پـەروەردە بـوو، خـانووێکی بـاش بـوو، خانووی شەریکە بوو، دەستکردی بیانییەکان بوو، واتـە زۆربـەی زۆری خانووەکانی خانەقین لەلایەن شەریکە بیانییەکانی وەکو پۆڵۆنییـەکان و ئینگلیزییـەکان دروست کرابوون[1].

قاسم حەسەنی باوکی لەیلا کرێکاری کۆمپانیای پالاوگـەی نـەوتی ئـەلۆەن بـوو، دوای ئـــەوەی نـــاوبراو خانەنشـــین کـــراوە لەســـاڵی (١٩٧١ز) لەخانەقینـــەوە مـــاڵیان گواستۆتەوە بۆ بەغدا [2]، بۆچوون هەیە دەڵێ ناوی دایکی (کانی) بووە[3]، بـەڵام ڕاسـتتر ناوی تەواوی دایکی (عیصمەت محەمـەد جاسـم) بـووە[4] عیصـمەت خـانم ئـافرەتێکی خـوێن گـەرمی میهرەبـان بـووە[5]، خوشـك و براکـانی لـەیلا بریتـی بـوون لـە خوشـکە

---

[1] فیلمی دۆکیۆمێنتی،لەیلا ...،چ،ل،(جاسم وەندی)،س،پ.

[2] www.medlem.spray.se.

[3] www.nndb.org.

[4] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٢٣).

[5] فیلمی دۆکیۆمێنتی،لەیلا ...،چ،ل،(ئەحلام مەنسور)،س،پ.

گەورەکەی ناوی (سەبیحە) بوو، برایە گەورەکەی ناوی (عەبدولسەلام) بوو، برایە بچووکەکەشی ناوی (صەفا) بوو، برایەکەی تریشی دەڵێن ناوی (سەلاح) بووە[1]، بەلام ڕاستتر ناوی (سەباح) بووە[2]، کەواتە لەیلا خوشکێك و سێ برای هە بووە، ئەمانە گشتیان خەریکی خوێندن بوون و لە فوتابییە زیرەکەکانی ئەو سەردەمەی کورد بوون، سەربارى خوێندن هەریەکەیان لەپای خوێندنەکەیان بۆ بژێوی خێزانەکەیان کاریان کردووە، بنەماڵەی لەیلا ئەگەر چی لەڕەوشێکی هەژاریدا ژیانیان دەگوزەراند، بەلام زۆر بە ختەوەربوون[3].

بۆ یەکەم جارلەساڵی (١٩٥٨ز) لەشاری خانەقین چووەتە بەرخوێندن[4]، هەرلەوکات و ساتەدا لەیلا تەمەنی گەیشتبووە (٨) ساڵان، شۆڕش یا کودەتای (١٤) ی تەمموزی (١٩٥٨ز) [5] بەرپابوو، ئەو شۆڕشە یا کودەتایە لەسەرەتا دانی نا بەمافی

---

[1] .www.medlem.spray.se

[2] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٢٤).

[3] www.medlem.spray.s

[4] .www.gilgamish.org

[5] (١٤)ی تەمموز بۆچوونی جیاوازی لەسەرە لەنێوان نووسەران کە ئایا کودەتایە یاخود شۆڕشە،نیوسەدە پتر بەسەر(١٤)ی تەمموزی ١٩٥٨ز)لەعێراق دا تێپەڕیوە تاکو هەنووکەش ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کەئایا کودەتا یان شۆڕش بووە؟!!ئەوانەی بەشۆڕشی دادەنێن ئەڵێن ئەگەر شۆڕش بریتی بێت لەو گۆڕانە بنەڕەتییەی لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە،ئەوا (١٤)ی تەمموز لەعێراقدا لەبواری سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بنەڕەتی دروست کردووە ،ڕژێمی سیاسی لەپاشایەتی بۆ کۆماری گۆڕی و لەبەرژەوەندی دەرەبەگ وخاوەن موڵکەکانی عێراقدا و پتر گرنگی بە هەژاران دا،ئەوانەی بە کودەتاشی دادەنێن دەڵێن چواردەی تەمموز بریتی بوو لە بزووتنەوەیەك کە سوپا لەعێراق پێی هەستا نەك جەماوەر ئەگەر دواتریش جەماوەر پشتگیری خۆی بۆ دەرخست ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی بە شۆڕشی بزانین، چونکە جەماوەر لە عێراق و زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵات لەسەر ئەوە ڕاهێنراون کەپشتگیری لەو هێزانە بکەن کە دەسەڵاتیان بەدەستە،بۆیە تائێستا ئێمەی خوێنەر و توێژەر نازانین کامە

گەلی کورد، هەر لەماددەی (٣) شدا لەدەستوورەکەیدا ئەی وت: (کورد و عەرەب) هاوبەشن لەعێراقدا، بەئاشکرا لەهەموو فێرگەو خوێندنگەکاندا سروودە نیشتمانییەکانی (ئەی ڕەقیب و خوایە وەتەن ئاواکەی) و لەگەڵ چەندین سروود و گۆرانی تری نیشتمانی لەلایەن قوتابییان دەخوێندرایەوە، لەیلا بەم سروودانەپەروەردە ببوو، هەموو ڕۆژێك بەدەنگێکی بەرزتر لەهەموو دەنگەکان ئەم سروودانەی بولبول ئاسا دەچریەوە[١]، کەوابێ لەیلا هەر لەقۆناغی یەکەمی سەرەتاییەوە بەم تەمەنە منداڵییەوە، سۆزو هەستی نیشتمانی لەناخی سەری هەڵدابوو، تەنانەت هەموو گیانی داگیرکردبوو، لەیلا قوتابیەکی زۆرپاك بوو لەڕووی ڕووخسار و زۆر ژیر و چالاکیش بوو لەڕووی ئەقڵ و مێشکەوە، هەربۆیەش قۆناغی سەرەتایی لەقوتابخانەی (پالأوگەی ئەلۆەند) ی سەرەتایی بەسەرکەوتوویی تەواودەکات بەبێ ئەوەی هیچ ساڵێك کەوتووبێ[٢]، بەردەوام دەبێ لەخوێندن قۆناغی ناوەندیش بە سەرکەوتوویی تەواودەکات، پەرە بەخوێندنەکەی دەدات و لە (دواناوەندی خانەقینی کچان) [٣] ئەو قۆناغەش وەك قۆناغەکانی تر بەبێ دواکەوتن

---

بۆچوون ڕاستە و یەکلایی بکەینەوە،چونکە برێکی زۆر لە نووسەران لەکتێبەکانیان بە شۆڕش ناویان بردووە و برێکی تریش بە کودەتا.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:محەمەد کاکەسوور،(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)کودەتا یان شۆڕش، گ:مێژوو،ژ(١٥)،ساڵی چوارەم ،(بەهاری ٢٠١٠ز)،ل ٥_ ٦ ؛ خالید شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی،ڕەئیس مستەفا عەبدوڵلا لەشۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا،چ١،(سلێمانی، ٢٠٠٦)،ل ٧٣ ؛ فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق،و:حەمەشەریف حەمەغەر یب و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چ١، (هەولێر،٢٠١٠ز)،ل١٣٥.

[١] فیلمی دۆکیۆمێنتی،لەیلا ...،چ،ل،(ئیبراهیم باجەلان)،س،پ.

[٢] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە(٢).

[٣] www.faylee.org.

تـەواو دەكـات و لـەپۆلی شەشـەمی ئامـادەیی بەنمرەیـەكی بـاش دەردەچـێ هەربـۆیە لەزانكۆی بەغدا و لەكۆلیژی ئاداب و بەشی كۆمەڵناسی وەردەگیرێ[١].

سەبارەت بە ساڵی وەرگیرانی لە زانكۆ بۆچوونی جیاواز هەیە لەنێو نووسەران، هەندێك دەڵێن لە ساڵی (١٩٧١ز) وەرگیراوە[٢]، هەندێكی تر دەڵێن لەساڵی (١٩٧٢ز) وەرگیراوە[٣]، بەڵام لە ڕاستیدا لەساڵی (١٩٧٠ز) لە زانكۆ وەرگیراوە[٤].

لەیلا هەر لەتەمەنی منداڵییەوە هـەژاری و نـەداری زۆر چەشـتبوو، لەلایـەكی تریشەوە زوڵم و زۆرداری ڕژێمی داگیركەری عێراقی لەسەر كورد زۆر بەرچاو و گوێ كـەوتبوو، ئەمانـە بـیر و ئایـدیا ی ئازادیخوازانـە و خـەبات و تێكۆشـانی لـەلای لـەیلا دروسـت كردبـوو، وەبوونەپاڵنـەرێك بۆئـەوەی هەرچـی زووە ئاشـنایەتی لەگـەڵ بزووتنـەوەو ڕێكخسـتنەكانی میللەتەكـەی پەیـدابكات[٥] ، ئـەوە بـوو لەڕێگـەی بـرا گەورەكەیـەوە (عەبدولسـلام) پەیوەنـدی دەكـات بـەبزاڤی نەتەوەكەیـەوە، لـەنێو ڕیزەكانی (ی.ق.ك) خەباتێكی بێ وچان و بەردەوام دەكات[٦].

---

[١] .www.medlem.spray.se

[٢] .www.gilgamish.org

[٣] .www.azade.nl

[٤] دیدار لەگەڵ بەڕێز (محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی)،س،پ.

[٥] .www.medlem.spray.se

[٦] .www.gilgamish.org

**تەوەری دووەم: چالاکییە سیاسییەکانی لەیلا قاسم**

کاتێ لەیلا دەبێ بەکەسێکی پێگەیشتوو وتێگەیشتوو لەبنەماکانی ژیان ئەوەی لەیلای لە هاوڕەگەزەکانی خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لەیلا زیاترگرنگی بەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەدا[1]، کەچی هاوڕەگەزەکانی پتر گرنگیان بەخودی خۆیان و جوانکردنی ڕووخسار [2] و چارەسەری دۆزی ئافرەتان و داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتیان دەدا[3].

دوای ئەوەی لەیلا حەزی تێکۆشان وخەبات کردن لەناخی هەڵدەقوڵێ هەر زوو ئاشنایەتیلەگەڵ بزووتنەوە و ڕێکخستنەکانی نەتەوەکەیدا پەیدا دەکا، بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە کات و ساتی پەیوەندی کردنی لەیلا بە ڕیزەکانی حزبی (پ.د.ك) و (ی.ق.ك)، بۆچوونێکی لەڕاستی نزیك هەیە دەڵێ لەساڵی (١٩٦٥ز) پەیوەندی بەشۆڕش کردووە[4] ، ئەمەش دەکاتە سەرەتای قۆناغی ناوەندی، بۆچوونیش هەیە دەڵێ لەساڵی (١٩٧٠ز) لەڕێگای سەلام قاسمی برا گەورەیەوە پەیوەندی بەبزاڤی سیاسی نەتەوەکەیەوە دەکات و لەنێو ڕیزەکانی (ی.ق.ك) خەبات و تێکۆشانی بەڕێوە بردووە[5].

لەیلا قاسم لەنێو قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەوشیارکردنەوە و ڕێکخستنیان، لەکاتێکدا کە دەگوترا ئافرەت ناتوانێ شان بەشانی پیاوان لەشار و دێهاتەکاندا خەبات بکات، لەیلا بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە شان بەشانی قوتابییە کوڕەکانی کورد خەباتێکی بەرفراوانی بەڕێوە بردووە، دژ بە نایەکسانی مافەکانی ئافرەتان و پیاوان بوو، کەبەتایبەتیش بۆ خودی

---

[1] .www.faylee.org

[2] .www.barzan news.com

[3] .www.faylee.org

[4] بڕوانەپاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٢) .

[5] .www.medlem.spray.se

خۆی لەبواری کۆمەڵناسیدا دەیخوێند و زۆرباش لەڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێگەیشتبوو[1] .

لەیلا لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانی خۆی بەناوی (جەواد هەمەوەندی)[2] ، بەیەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد و یەکتریان زۆرخۆش دەویست[3] ، بڕێکی زۆر لە لە بۆچوونەکان دەڵێن لەیلا و جەواد دەستگیرانی یەکتری بوون[4] ، بەڵام بۆچوونێکی لەڕاستی نزیك دەڵێ لەیلا و جەواد دەستگیرانی یەکتر نەبوونە، بەڵام هەردوولایان ڕێککەوت بوون کە لەکەشێکی ئارام و هێور لەداهاتوویێکی نزیکدا ئەم پرۆسەیە بەئەنجام بگەێنن[5] ، ئەگەرچی لەیلا قوتابی زانکۆ بوو جەوادیش کرێکاری یەکێك لە کۆمپانیاکانی بەغدا بوو، وەلێ خۆشەویستییەکی بێ سنوور لەنێوانیاندا هەبوو، لەیلا هەر لەڕێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەك لەناوچەکانی باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، ئامانجی لەیلا لەمەدا نا سینی زیاتر ڕەوشی کورد و بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەبردنی خەباتی ڕێکخستن بوو لەشارەکاندا[6] .

---

[1] www.medlem.spray.se.

[2] جەواد هەمەوەندی: لەساڵی (١٩٥٠ز) چاوە گەشەکانی بە دونیا و کوردستانی داگیر و چەوساوە هەڵێناوە، لەساڵی (١٩٧٠ز) پەیوەندی دەکا بە ڕیزەکانی (ی.ق.ك) بەهۆی چالاکی و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخراوەیی پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی (پ.د.ك) و لەهەمان ساڵ پلە و متمانەی پارتایەتی پێ دەسپێردرێ و بە فەرمانبەر لەکۆمپانیایەکی شاری بەغدا دادەمەزرێ، لەتەنگژەی ساڵی (١٩٧٤ز) ی نێوان حکومەتی فاشی بەغدا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستگیر دەکرێت و لە دادگایەکی بێ بنەمادا فەرمانی لەسێدارەدان بەسەر خۆی و هەڤاڵەکانی دادەسەپێنن. بڕوانە: سامان حەمەدەمین عەلی، خەرمانی خەباتی ئازاد میران و هەڤاڵانی، (٢٠٠٣ز) ، ش.ن، ل١٥.

[3] www.medlem.spray.se.

[4] www.rojava.net.

[5] دیدار لەگەڵ بەڕێز (صەفا قاسم حەسەن) برا بچووکی لەیلا قاسم، هەولێر ٢٠١٠/٧/٦.

[6] www.medlem.spray.se.

جەواد موراد هەمەوەندی خێزاندار بوو، بەڵام لەخێزانەکەی جیابوو بۆوە[1]، لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی هەردووکیان هاوبیر و کۆك بوون لەپرسەکاندا لەپێناو سەرکەوتنی دۆزی ڕەوای گەلەکەیاندا، لەیلا و جەواد ئەوینی خۆیان تێکەڵ بە ئەوینی کوردستان و نیشتمانەکەیان کردبوو، لەیلا بە خەبات و تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە ژنانیش شان بەشانی پیاوان دەتوانن کۆشش و تێکۆشان بۆ ئازادی گەلەکەیان بکەن[2].

لەیلا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە تەنزیماتی (پ.د.ك) خەباتی کرد، یەکێك بوو لەوانەی لەناو حزبدا بەتەواوی پشتی پێ ئەبەسترا، ئەو کەسانەی لە تەنزیمات کۆششیان ئەکرد ناوەکانیان هەموو لای (مەسعود بارزانی) بوو، هەرکەسە و لەمانە ڕەمزێکی خۆی هەبوو، لەئیزاعەوە کەلیمەی سر و پەنهان هەبوو، هەموو چاوەڕێیان دەکرد هەرکاتێك کەلیمە سرەکە بوترایە، ئەوا ئەوان دەچوون ئیشەکانیان جێبەجێ دەکرد[3].

لەسەرەتای ساڵەکانی (١٩٧٠ز) کە گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بەقۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوو، لەیلا و جەواد و هاوڕێکانیان سەرباری نکۆڵیکردنی ڕژێمی بەعس لەهەبوونی کورد، ئەوان سوربوون لەخەبات و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەیان[4]، لەساڵی (١٩٧٠ز) بەیاننامەی (١١) ی ئازار[5]

---

[1] فیلمی دۆکیۆمێنتی (لەیلا هێمایەك بۆ بەرخودان) ، چ، ل (فوئاد حوسێن) ، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، س، پ.

[2] .www.medlem.spray.se

[3] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا. ..، چ، ل، (محەمەد ڕەزا) ، ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی، س، پ.

[4] .www.medlem.spray.se

[5] (١١) ی ئازاری (١٩٧٠ز) بەیاننامەیە نەك ڕێککەوتننامە، کەلەسەرچاوەگەلێك بەڕێککەوتننامە ناوزەندکراوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ِفەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسی کوردستان_ عێراق، (١١ ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ) ١٩٧٤، چ١، (هەولێر٢٠٠٨ز) .

لـەنێوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد و حکومـەتی ناوەنـدی لـە بەغـدا مـۆرکرا بەهۆیـەوە حـوکمی زاتـی (بـەڕێوەبردن) درا بەناوچـەی کوردسـتانی عێـراق، بـەڵام حکومـەت نەیهێشت کـەرکوك و خانـەقین و سـنجار بخرێـتە سـەر ناوچـەی حـوکمی زاتی کوردی[١]، ئەگەرچی ئەو سەردەمە کاتی ئاشتی و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی (١١) ی مارتی (١٩٧٠ز) بوو، بەڵام هاوکات تەعریب و ڕاگواستن و کوشتن و بڕین بـەردەوام بوو [٢]، زۆری نەبرد ڕژێمی بەعس پەشیمان بـۆوە لەو بەڵێنانەی کە لە (١١) ی ئازاری (١٩٧٠ز) بەکوردی دابوون، بۆیە هەر زوو بەدیارکەوت کە ئـەم ڕژێمـە خـەریکی فـڕ و فێڵەو خەریکی پیلان داڕشتنە بـۆ لـەناوبردنی گـەلی کـورد و شۆڕشـەکەی [٣]، ئـەوەبوو لەبـەهاری (١٩٧٤ز) هێـرشی سـوپای عێـراق دەسـتی پـێ کـردەوە و ڕژێـم کەوتـەوە ئاگربـاران کـردن و وێرانکردنـی کوردسـتان، بەهـەزاران کـەس لەخـەڵکی شـار و دێهاتەکانی کوردستان بوونە قوربانی [٤]، لەیلا و هاوڕێیانی لەو دەمـەدا زۆر بەگـەرمی خەریکی کاری ڕێکخستن بوون [٥] ، لەیلا و جەواد لەسـەرەتای سـاڵی (١٩٧٤ز) بەیەکـەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسـەر کـۆمەڵگەی کوردی ئـەنجام دابـوو و لەدەرفـەتێك دەگەڕان کە بڵاوی بکەنـەوە، بـەڵام بـەهۆی تێکچوونی نێـوان سـەرکردایەتی کـورد و ڕژێمـی بـەعس و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ و پاشـانیش بـەهۆی گیرانـی لـەیلا قاسـم و جـەواد و هاوڕێکـانی تریـان، دەستنووسـی لێکۆڵینەوەکـەشیان لەلایـەن سـیخوڕەکانی حکومەتی عێراقەوە لەناو بردرابوو[٦].

---

[١] فوئاد حەمەخورشید، کەرکوك لەبەڵگەنامەکاندا، چ١، (هەولێر٢٠٠٧ز) ، ل١٢٣.

[٢] مـارف عومـەرگوڵ، جینۆسـایدی گـەلی کـورد-لەبـەر ڕۆشـنایی یاسـای تـازەی نێودەوڵەتانـدا، چ٤، (هەولێر٢٠٠٧ز) ، ل٣٤.

[٣] پەرتووکی مەیدانی، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، پ.ش.س، د.ل.و.پ، (٢٠٠٩ز) ، ل٩٧_٩٨.

[٤] مارف عومەرگوڵ، س، پ.

[٥] پەرتووکی مەیدانی، س، پ.

[٦] .www.gilgamish..org

لەیلا لەساڵی (١٩٧٤ز) بوو بەئەندام لەیەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەڵام داوایان لێکرد بوو کە بگەڕێتەوە بەغدا بۆ دریژەدان بە شۆڕش و خەبات[1]، لەئاداری (١٩٧٤ز) دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشکردنەوەی ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، ڕژێمی داگیرکەر دە ستیکرد بە کۆچبەرکردنی هەزاران کورد و بۆردوومانکردنی هەردوو شاری قەڵادزێ و هەڵەبجە و ڕاوەدوونان و گرتنی ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئازادیخوازانی کورد، هەر لەو کاتەدا هەزاران کەسیش لەتاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی نەتەوەکەیان ڕوویان لەشاخەکان کرد و چەکی پێشمەرگایەتییان هەلگرت، لەو کاتەدا لەیلا و جەواد و هاوڕێکانی تریان، پێیان وابوو خەباتکردن تەنیا لەشاخ بەس نییە، بەڵکو خەبات و تێکۆشان لەشارەکاندا لەنێو جەرگەی دوژمندا پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەو قۆناغەیە، بۆیە ڕوویان نەکردە شاخەکان و لە بەغدای پایتەختی عێراق بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان مانەوە[2].

دوای ئەوەی لەیلا و هاوڕێکانی نەچوون بۆ شاخ و لەبەغدای پایتەخت مانەوە، لەیلا و هەڤاڵە بەجەرگەکانی وەك (جەواد موراد و حەسەن حەمەڕەشید[3] و

---

[1] ژیلە کەریمی، یاد و ڕێزێك بۆ لەیلا قاسم، ڕ:خەبات، ژ (٣١٧٦) ، (١٩) ی مایسی (٢٠٠٩ز) ، ل١٣.

[2] www.medlem.spray.se.

[3] حەسەن حەمە ڕەشید:لە (١٩٥٠/٧/٢٠ز) لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەشارەکەی خۆی لە سلێمانی تەواو کردووە، لەدوای بەیاننامەی (١١) ی ئازاری (١٩٧٠ز) لەسنووری لقی (٥) ی (پ.د.ك) پەیوەندی بەرێکخستنەکان دەکات، دواترلەزانکۆی بەغدا لەکۆلیژی ئاداب بەشی کوردی وەردەگیرێ، لە (١٩٧٤/٤/٢٩ز) لەگەڵ چوار هەڤاڵەکەی تری دەستگیر دەکرێ و لەدادگایەکی نایەکسانیدا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێ. بڕوانە: سامان حەمەدەمین، س، پ، ل ١٢.

ئازاد سلێمان میران[1] و نەریمان فوئاد مەستی[2] و چەند هەڤاڵێکی دیکە چالاکییەکی زۆریان لە بەغدا ئەنجام دا و لەدژی ڕژێمی بەعسی فاشی خەباتی سەختیان کرد[3].

لەیلا قاسم ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٠) ئاهەنگی دەرچوونی هەبووە لەزانکۆ کەدەکاتە ڕۆژی یەکشەممە، وە لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٨) ڕێوڕەسمی ئاهەنگی هەبووە لەزانکۆ کەدەکاتە ڕۆژی دووشەممە[4]، لەگەڵ بەرفراوان بوونی شەڕەکان لەساڵی (١٩٧٤ز) دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس بەردەوام زۆر بەتوندی چاودێری یەك بەیەکی تاکەکانی کوردیان دەکرد، بۆیە ئەوەندەی نەبرد[5] دوای تێپەڕبوونی چەند سات ژمێرێك لەڕێو ڕەسمی ئاهەنگی دەرچوونی لەزانکۆ[6]، لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٩ز) لەیلا و هاوڕێکانی لەئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و

---

[1] ئازاد سلێمان میران:لەساڵی (١٩٤٨ز) لەشەقڵاوە لەدایك بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەشەقڵاوە تەواو کردووە، لەساڵی (١٩٦٣ز) پەیوەندی بە (ی.ق.ك) دەکات، دواتر لەساڵی (١٩٧٠ز) لەزانکۆی بەغدا و لەکۆلیژی ئاداب بەشی کوردی وەردەگیرێ، لە (١٩٧٤/٤/٢٩ز) لەگەڵ هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێ و لەدادگایەکی نامرۆڤانەدا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێ.بڕوانە:س، پ، ل ١١.

[2] نەریمان فوئاد مەستی:لەساڵی (١٩٥٢ز) لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، گشت قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواو کردووە، لەسنووری لقی (٥) ی (پ.د.ك) پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی پارتی، کادیرێکی کارامەی (ی.ق.ك) بووە، لەزانکۆی بەغداو کۆلیژی ئاداب بەشی کوردی وەردەگیرێ، لە (١٩٧٤/٤/٢٩ز) لەگەڵ هاوڕێکانی دەستگیردەکرێ و لەدادگایەکی ناحەقدا بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێ.بڕوانە:س، پ، ل ١٣.

[3] کەریم شارەزا، س.پ، ل١٢٢.

[4] دیدار لەگەڵ بەڕێز (صەفا قاسم حەسەن) ، س، پ، وە ئەم زانیارییانە بەدەقیقی لەئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە.

[5] .www.medlem.spray.se

[6] دیدار لەگەڵ بەڕێز (صەفا قاسم حەسەن) ، س، پ.

سەربازی ڕژێم لەبەغدا دەستگیرکران[1]، ڕۆژنامەی (الپورە) ی زمانحاڵی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆو تەلەڤزیۆنی نێوخۆی عێراق لەیلا و هاوڕێکانی بەگێرە شێوێن و تێکدەر و تیرۆریست ناوزەندکرد[2]، وەلێ لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکیش بچووکترین کردەوەشیان لەسەر ئاشکرا نەبوو[3].

سەبارەت بەچۆنیەتی ئاشکرابوونی شانەکەی لەیلا تائێستا بەتەواوی نەزانراوە کە ئەم شانە بچووکە چۆن وا بەئاسانی دەستگیرکران[4]، وەلێ بۆچوون هەیە دەڵێ کاتی خۆی ئەو شانانەی لەبەغدا کاریان ئەکرد پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا نەبوو، واتەپەیوەندییان بەیەك کەس یاخود تاکە لیژنەیەکی باڵاوە نەبوو لەناوەند، پەیوەندییان دابەش بوو بەسەر چەندین کەس و لیژنەدا، ئەو دوو کەسەی هاوئاوازەکردنی ئەم کردەوە گەلانە و ڕێ پیشاندانیان لە مەڵبەندی سەرکردایەتی پێ سپێردرابوو (محەمەد ڕەزا و عادل موراد) بوون پاشان ئەمی دواییان کشایەوە، (مونزیر نەقشبەندی) ئەندامی لقی (٥) ی بەغدا و (حەیدەر عەبد عەلی) ئەندامی لیژنەی ناوخۆی خانەقین ئەڵقەی پەیوەندی شانەکەی لەیلا قاسم بوون، پاشان دەرکەوت ئەم دوانە واتە (مونزیر و حەیدەر) هەرلەساڵی (١٩٧١ز) ەوە خۆیان فرۆشتبوو بەحکومەت، دەزگای ئاسایش کردبوونی بەپیاوی خۆی و ئەرکی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی بە ڕێکوپێکی لەبارەی شۆڕش و کار و باری پارتییەوە لەسەرەتای ساڵانی حەفتاوە تا دەستپێکردنەوەی شەڕ لەساڵی (١٩٧٤ز) دا پێ سپاردبوون و لەڕێگەی خیانەتی ئەم دوانەوە ئەم شانەیە دۆزرابووەوە[5].

---

[1] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا. ..، س، پ.

[2] .www.medlem.spray.se

[3] .www.krg.org

[4] .www.faylee.org

[5] مەسعود بارزانی، بارزانی و...، ب٣، ب٢، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١_١٩٧٥) ، چ١، (هەولێر٢٠٠٤ز)، ل٨٧.

## بەشی دووەم:

## دوا ساتەکانی ژیانی لەیلا و

## دەنگدانەوەی مەرگی لەلای ڕۆشنبیران

### تەوەری یەکەم:

### دواساتەکانی ژیانی لەیلا قاسم

### تەوەری دووەم:

### دەنگدانەوەی مەرگی لەیلا قاسم لەلای نووسەران و شاعیران

## تەوەری یەکەم: دوا ساتەکانی ژیانی لەیلا قاسم

دوای ئەوەی لەڕێگەی خیانەتەوە شانەکەی لەیلا دۆزراوە، لەڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٩/٢٨ز) کاتژمێر دووی شەو[١] بۆچوونێکی تریش دەڵێ یەکی شەو مەفرەزەیەکی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس هەڵیانکوتایە سەر ماڵی لەیلا قاسم و دایان لە دەرگاو جامەکانیان شکاند و ڕوویان کردە ژوورەوە، لەو کاتەدا لەیلا خەریکی دەست شۆرین بوو، کەگوێی لەو غەڵبەغەڵبەبوو هاتەدەرەوە و وتی ئەمانەکێن ؟چیان دەوێ؟ سەربازەکانیش وتیان لەیلا قاسم لەکێ یە؟ئەویش وتی من لەیلا قاسمم، وتیان قەشمەری مەکە بڕۆ لەیلا بانگ بکە ئەگینا دەتکوژین، ئەویش وتی وەڵڵا من لەیلا قاسمم، باوەڕیان پێ نەکرد وتیان تۆ خزمەتکاریانی، چونکە لەیلا کەسێکی زۆر سادە و ساکار بوو، وتیان ئەگەر تۆ لەیلای بڕۆ هەویەمان بۆ بێنە، لەیلاش چوو هەویەکەی بۆ هێنان و وتی پێیان ئەی ئەوە من نیم؟بەسەر سوڕمانییەوە وتیان چما تۆ لەیلا قاسمی ئەو هەرا و هۆریایە و کار و باری حکومەتێکت تێك داوە؟!! ڕایان پێچا و بردیان، دایکی بەگریانەوە پێی وت لەیلا کچم چیت کردووە؟ بۆ دەتبەن؟ وتی بەخوا هیچم نەکردووە دایە بەس تەنها کوردم! ئیدی نەزانرا بۆ کوێیان برد، چونکە لەوەختی (سەدام حوسێن) هەر کەسێك لەماڵ ببردرابایە نەت دەزانی چی بەسەر دێت[٢]، بەر لەوەی دەستگیر بکرێ دەڵێن دوای ئەوەی سەربازانی حزبی بەعس چواردەوری کۆڵانەکەیان گرت، لەیلا ئازایی خۆی لەدەست نەدا و هەستی کرد شتێکی ناخۆش ڕوودەدا، بۆیە بەرلەوەی مەفرەزەکە بگاتە ماڵەکەیان بەزوویی هەستا بە سووتاندنی ئەو فۆڕمە حزبییانەی کە پەیوەندی هەبوو بە نهێنییەکانی ناوی برادەران و ناونیشانیان و ترسی لەوە هەبوو ئەو فۆڕمانە بکەوێتە دەستی ڕژێمی بەعس و ژیانی برادەرەکانی بکەوێتە

---

[١] دیدار لەگەڵ بەڕێز (صەفا قاسم حەسەن) س، پ.

[٢] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا. ..، چ، ل، (سەبیحە قاسم حەسەن) ، س، پ.

مەترسییەوە، بۆیە ئەو بیرکردنەوەیەکی قوڵی هەبوو بۆ ئەم جۆرە کارە مەترسیانە[١].

لەیلا دوا ساتەکانی ژیانی لەزیندانێکی ئینفیرادی بەسەر دەبات و موهاجەکردنی قەدەغەکرابوو، کەس بۆی نەبوو سەردانی بکات، لەیلا بەناشرینترین و دڕندانەترین شێوە سزا و ئەشکەنجە دەدرا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەموو جۆرە ئازارێکی وەحشیگەرانەیان لەگەڵیدا بەکارهێنابوو، بەس تەنها بۆئەوەی نهێنی و ئەسراری لێ دەربهێنن، بەڵام ئازایی و دلێری لەیلا نەیهێشت بەمەرامە گڵاوەکەیان بگەن، سەرەڕای ئەوەی لەیلا بەشێوەیەك ئازار درا کە ئەقڵ و مێشك تەقەبولی ناکا، بە حەربە چاوی ڕاستەی لەیلا دەردەهێنن [٢]، بەڵام بێ هودەیە هەر هیچ ناڵێ تادەگاتە ئەو ڕادەیەی چاوی چەپەشی دەردەهێنن، وەلێ بێ سوود بوو لەگەڵ لەیلا، ڕاستە لەیلا بەجەستە گۆشت و خوێن و ئێسك بوو، بەڵام ئەقڵ و بیرو باوەڕێکی پۆڵاینی هەبوو، هەربۆیە نەیانتوانی خانەیەك لەخانەکانی حزب وماڵێك لەو ماڵانەی کە بەنهێنی تێدا کۆدەبوونەوە بەلەیلا قاسم ئاشکرا بکەن، لەو کاتەدا یەکێك لەم دڕاندانە لە لەیلا دەپرسێ ئێستا چاوەکانت لەلا خۆشەویسترە یان کوردستان؟! لەیلا بەسەر بەرزی و بەبڕوایەکی بەرز و بڵند، وتی کوردستان زۆر گەورەترە لە ڕوحم و چاوم بریا سەد چاوی ترم هەبوایە تا پێشکەشی کورد و کوردستانم بکردبا .

پیاوانی ئاسایش یا هەندێك لەبەرپرسان ئامۆژگاری لەیلایان کردبوو کەوا نامەیەکی داوای بەزەیی پێکردن پێشکەشی سەرۆك کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر) بکات و پەشیمانی خۆی پیشان بدات، بەڵکو سزاکەی سووك بکات، پێیان وتبوو تۆ کچیت و وەزعت لە وەزعی چوارەکەی تر جیایە و گومانی تێدا

---

[١] www.faylee.org

[٢] www.faylee.org

نییە کەوا سزای مەرگت لەسەر هەڵدەگرێ، لەیلا لە وەڵامدا بەمە ڕازی نابێت و دەڵێت:من لەیەك سەرۆك و یەك سەرکردە بەولاوە ناناسم، شانازیش بە گەلەکەی خۆم و خەباتی ئەو حزبەوە دەکەم کەوا بەچوونە پاڵی سەربەرز بووم، وە داوا دەکەم لەخوا بمبوورێ لەوەی لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا سەرنەکەوتم کەوا پێم سپێردرابوو من ئامادەم بۆ مردن و داوای بەزەیی لەهیچ جەللادێ ناکەم[1]، ئامادەشم نامەیەك بۆ میللەتەکەم بنووسم تا داوای بەخشینیان لێبکەم، من تەمەنم (٢٤) ساڵە وا لەسێدارە دەدرێم، بەداخەوە نەمتوانی خزمەتێکی زۆر و شایستەی میللەتەکەم بکەم، بۆیە داوای لێ بووردن و بەخشین لەگەلەکەم دەکەم[2].

لەیلا قاسمی پاڵەوان هیچی لەو ئافرەتەپاڵەوانە جەزائیرییە (جەمیلە بوحەیرد)[3] کەمتر نەبوو، کە بەرامبەر فەڕەنسییەکان جەنگا و خەباتی کرد، لەکاتی

---

[1] مەسعود بارزانی، بارزانی و...، س، پ، ل٢٨٦.

[2] شوان غەمبار، س، پ.

[3] جەمیلە بوحەیرد:ئەم ئافرەتە پاڵەوانە لەجەزائیری پایتەختی جەزائیر لەساڵی (١٩٣٥ز) لەدایکێکی ڕەچەڵەك تونسی و باوکێکی ڕۆشنبیری جەزائیری لەدایك بووە، تاقانەی حەفت برایان بووە، دایك و باوکی جەمیلە زۆر ڕقیان لە فەڕەنسییەکان دەبۆوە چون ساڵانێکی زۆربوو جەزائیرییەکان بەدەستی فەڕەنسییەکان دەچەوسانەوە، جەمیلە هەرزوو پەیوەندی کرد بەشۆڕشگێڕانی شۆڕشی جەزائیر لەساڵی (١٩٥٦ز) ئەگەرچی هێشتا قوتابیش بوو، زۆر بەتوندی دژی فەڕەنسییەکان خەباتی دەکرد لەڕیزی شۆڕشگێڕە جەزائیرییەکان، جەمیلە هەڵسا بەئەنجامدانی چەند چالاکییەکی گرنگ کە ئەو کارانە تەنها بەپیاوی بەهێز و بەجەرگ دەکرا، هەڵسا بەگواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و چاندنی بۆمب و عەبوە ناسفە لەو شوێنانەی داگیرکەرانی پێدا تێپەڕ دەبوو، جەمیلە لەگرنگترین ئەوکەسانە بوو کە داگیرکەران هەوڵی گرتنیان دەدان، توانییان بەهۆی گوللەیەکەوە لەشانی بدەن و برینداری بکەن و دەست بەسەری بکەن، بەشێوەیەکی وەحشیگەرانە سزایان دا، بەکارەبا و چەندین شێوازی تر ئازاریان دا تا ئیعترافی پێبکەن، بەڵام بەهۆی سەبر و ئارامی جەمیلە بەدەست بەتاڵی مانەوە، دواتر لەدادگایەکی گەورەدا لەڕۆژی (٧ی مارسی ١٩٥٨ز) بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، هەندێ لەسەرچاوەکان

شەهیدبوونی ئەم ئافرەتەدا هەموو جیهان بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی باسی ئازایەتی و قارەمانییەتی ئەو ئافرەتەیان دەکرد، بەڵام بۆ لەیلا قاسم هەموو لایەك کەڕ و لاڵ و ملکەچی دیکتاتۆر بوون، بۆچی هەر لەبەرئەوەی لەیلا کوردبوو؟! بەڵام ئەمڕۆ مێژووی کورد شانازی بە خەبات و قارەمانییەتی لەیلا و هاوڕێکانی دەکات کە گیانی خۆیان لەپێناو سەربەرزی خاك و نیشتمانەکەیان فیدا کرد، دوژمنانیش سەرشۆڕ و ڕووڕەشی دونیا و قیامەت بوون[١] .

دوای یەك ڕۆژ لەگرتنیان لەیلا و هاوڕێکانی درانە دادگا و لەدادگایەکی (صەورا) دا لە دادگایەکی نایەکسانی و بێ بنەما و نامرۆڤانەدا، بەسەرۆکایەتی دادوەر (جارالله ئەیوب عەلاف) وە بەئامادەبوونی عەقید (یونس مەعروف الدوری) و عەقیدی یاسایی (راغب فەخری) ، وە لەژ ێر ماددەی (١٩٧) بەدەلیلی کەرەستەی (٤٧) (٤٨) (٥٠) لەیاسای سزاکان لە (٣٠/نیسانی /١٩٧٤ز ) لەسێدارەدانی هەتا مردنیان بۆ دەرچوو (٣) ، بۆچوون هەیە دەڵێ بەبڕیاری (ئەحمەد حەسەن بەکر) [٢]ی سەرۆك کۆماری عێراق لەیلا و هاوڕێکانی لەسێدارە دران[٣].

---

ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە دوای دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان جەمیلە وتویەتی: (ئەو ڕۆژەی لەسێدارە دەدرێم خۆشترین ڕۆژە لەژیانم چون لەپێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەم لەسێدارە دەدرێم)

.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: www.forum.brg٨.com

[١] .www.shafaq.com

[٢] ئەحمەد حەسەن بەکر: سەرۆکی عێراقی ژێر حوکمی بەعس بوو لە (١٩٦٨ تا ١٩٧٩ز) ئەفسەرێکی سوپا و تکریتییەکی سەر بەعەشیرەتی ئەلبوناسر بوو، ڕۆڵی هەبوو لەبزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان و سەرەك وەزیران بوو لەحوکمی بەعسی ساڵی ١٩٦٣دا، لە١٩٦٤دا لەلایەن عەبدولسەلام عارف لەحوکم لادرا، یارمەتی دەری هێنانی بەعس بوو بۆ دەسەڵات لە١٩٦٨زدا.بڕوانە:فیبی مارِ، س.پ.ل٤٩٧.بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانەپاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٢) .

[٣] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، چ، ل، (ئەحلام مەنسور) ، ه، س.

لەیلا و هاوڕێكانی لەزیندانی (ئەبوغرێب) [1] بۆماوەی دوو هەفتە لەژێر ئازار و ئەشكەنجەدان مانەوە [2]، حزبی بەعس لەیلا و هاوڕێكانی بەوە تۆمەتباركرد بوو كە گوایە ویستوویانە كاری تیرۆریستی وەك تەقاندنەوەی سینەما ئەنجام بدەن یا وەك مرۆڤ كوژو تاوانبار بیانناسێنن، بەڵام لەڕاستیدا وانەبوو چون لەیلا و هاوڕێكانی لەرێكخستنەكانی ناوشار كاریان ئەكرد و دەیان ویست فڕۆكەخانە بتەقێننەوە یا فڕۆكەیەك بفڕێنن بۆ شوێنی تایبەت، تاوەكو كێشەی كورد گەورەتربێ و دۆزی كورد بەجیهان بناسێنن، نەك هەدەفیان كوشتنی مرۆڤی مەدەنی و بێ تاوان بێ [3]، بۆیە وەڵامی لەیلاش ئەوەبوو وتی ئێمە تاوانبار نین، ئێمە شۆڕشگێڕین، وە ئامادەشین لەپێناو خاكەكەماندا گیانی خۆمان بەخت بكەین[4].

لەمەڕ دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ لەیلا و هاوڕێیانی سەركردایەتی كورد بێ دەنگ نەبوو، بەڵكو چەند هەوڵێكی دا بۆ ڕاگرتنی ئەم كارە لەوانە بەیاننامەی بڵاوكردەوە لەبەیاننامەكەدا هەڕەشەی ڕژێمی بەعسی كردبوو گوایە ئەگەر ئەمانە شتێكیان بەسەر بێت ڕژێمی بەعس خراپی بەسەر دێت [5]، لەلایەكی ترەوە سەركردایەتی كورد ئاشنا بوو بەپەیوەندی بەهێزی نێوان ئەندێرا غاندی سەرۆكی هیندستان و ڕژێمی بەعس، بەتایبەتی [6] (سەدام حوسێن) [7] پەیوەندییەكی

[1] بڕوانە پاشكۆی وێنەی ژمارە (٢٢) .

[2] www.gilgamish.org. (٢)

[3] شوان غەمبار، س.پ.

[4] www.faylee.org.

[5] فیلمی دۆكیۆمێنتی، لەیلا....، چ، ل (محەمەد ڕەزا) ، س، پ.

[6] فیلمی دۆكیۆمینتی، لەیلا....، چ، ل (عەبدولكەریم عەبدوڵلا) ، ه، س.

[7] سەدام حسێن : لەساڵی ١٩٣٧ لەدایك بووە، ٢٠٠٦ لەسێدارە درا، لە١٩٥٦ پەیوەندی بەحزبی بەعسی ئیشتراكی ئەكات و دەست ئەكەن بەتیرۆركردن لەعێراق، لە١٩٦٦ دەبێتە سكرتێری نهێنی حزب، لە ١٩٦٨ بەعسییەكان دەسەڵات ئەگرنە دەست، سەرۆكی عێراق بووە لە١٩٧٩ز تا ڕووخانی

یەکجار بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئەندێرا غاندی، سەرکردایەتی کورد داوای لەسەرۆکی هیندستان ئەندێرا غاندی کرد کە داوا لە ڕژێمی بەعس بکات لەم بڕیارەی پاشگەزبێتەوەو حوکمی لەسێدارەدانەکە ڕابگرێت [1] ، هەوڵێکی تری سەرکردایەتی کورد ئەوەبوو کە چەند ئەسیرێکی بەعس هەبوو لەلای سەرکردایەتی شۆڕش ئەگەر بێت و حکومەتی بەعس لەیلا و هاوڕێیانی لەسێدارە نەدا ئەوا ئەمانیش ئەو ئەسیرانە ئازاد دەکەن، بەڵام تەواوی ئەم هەوڵانە بێ مەفا و بێ سوود بوو، حکومەتی بەعس گوێی بەم هەوڵانەی کورد نەدا و هەر بەزوویی لەیلا و هاوڕێکانی لەسێدارە دا [2].

لـــەرێکەوتی (١١/٥/١٩٧٤ز) هەواڵی لەیلا قاسم بۆ خانەوادەکەی چوو[3] چەند کاتژمێرێك بەر لەسێدارەدانیان حکومەتی بەعس ڕێگەی بەکەسوکاری لەیلا و هاوڕێکانی دا کە سەردانیان بکەن، بۆیە دایك و باوك و خوشك و براکانی چوونە سەردانی لەیلا، لەیلا داوای لەدایکی کرد بەخێرایی بچێ جلی کوردی و مەقەسێك و قورئانێکی بۆ بێنێ، دوا ئاواتی لەیلا ئەوەبوو بەجلی کوردییەوە پەتی سێدارەی

---

ڕژێم لە٢٠٠٣ز دا، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکـردایەتی شۆڕش لە (١٩٦٩ز تـــا ١٩٧٩ز) و دروستکەری حکومەتی بەعس و سیاسەتەکانیەتی لە١٩٦٨ز دا، تکریتی و خزمی ئەحمەد حەسەن بەکرە.

سـەربەعەشیرەتی ئەلبوناسربوو پەیوەندییە عەشیرەتییەکانی بۆ بەرەو پێش چوون و چەسپاندنی خۆی لەدەسەلأتدا بەکار هێنا، لە١٩٧٩ ئەحمەد حەسەن بەکر وازی لەدەسەلأت هێنا بۆی.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:شاخەوان فایەق ئەلیاس، مەعریفەی مێژوو، چ١، (سلێمانی٢٠٠٩ز) ، ل ٣٢ ؛ فیبی مار، س.پ.ل ٤٩٩_٥٠٠.

[1] فیلمیدۆکیۆمێنتی، لەیلا......، چ، ل (عەبدولکەریم عەبدوڵلا، س.پ.

[2] فیلمی دۆکیۆمینتی، لەیلا....، چ، ل (محەمەد ڕەزا) ، ه.س.

[3] دیدار لەگەل بەڕێز (صەفا قاسم حەسەن) س.پ.

لەمل بکرێت[1] ، ئەو ڕۆژە هەر ئافرەتێك بچووبایە سەردانی لەیلا، لەیلا داوای جلکە کوردییەکەی خۆی لێدەکرد بۆی بێنێ[2] ، کاتێك دایکی شتەکانی بۆ دێنێ بەمەقەسەکە چەند تاڵە موویێك لەپرچی خۆی دەبڕێت و بەدیاری دەیداتە (عەبدولسەلام) ی برا گەورەی و داوای لێدەکات کە لەلای خۆی بیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی گەواهی لەسەر کۆششەکانی بدات دوای مردنی و دژایەتی داگیرکەرانی پێبکات، هەروەها بە زەردەخەنەوە بە (سەبیحە) ی خوشکی وت خوشکە گیان دوای ڕۆژێکی تر دەبمە بووکی کوردستان و دەچمەوە ناو باوەشی کوردستان و خۆشەویستیم بۆ کوردستان سنووری نییەو بەخۆشحاڵیەوە جەستەی خۆم پێشکەش بە خاکی کوردستان دەکەم[3] ، وە داوا دەکەم ئالآی کوردستانم بۆ بکەن بەکفن و بەئالآی کو ردستان بمنێژن[4] ، وە باوکی دەربارەی وەسیەتەکەی لێی پرسی و لەیلاش جوابی باوکی دەداتەوە دەڵێت:من بووکی کوردستانم و دەمەوێ بانگم بکەن بەبووکی کوردستان، دوای بەخاك سپاردنم نامەوێ بۆم بگرێن و شین و ڕۆڕۆم ناوێ، بەڵکو لەبری گریان و شین دەنگی من بگەیەننە سەرکردەی لێهاتوو (مستەفا بارزانی)[5].

لە تاریك و ڕوونی بەرەبەیانی (١٩٧٤/٥/١٣/١٢ز) هەر پێنج کەسەکە وەك هەندێك لەوانەی بەدیار هەڵواسینیانەوە بوون شایەتیان داوە، بەقاچێکی نەلەرزیو و بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی شل بوون و سەرشۆڕکردن لەکەسیانەوە دیاری بدات چوونە سەر پلەکانی سێدارە[6] ، کاتێ بەرەو پلەکانی سێدارە بە سەربەرزییەوە

---

[1] www.kiwan.net.

[2] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، چ، ل، (ڕێزان عەزیزپشتیوان) ، س، پ.

[3] www.kiwan.net.

[4] www.kurd efrin.com.

[5] www.kiwan.net.

[6] مەسعود بارزانی، بارزانی و...، س، پ، ل٨٧.

دەڕۆیشتن (لەیلا و جەواد و ئازاد و نەریمان و حەسەن) بەدەنگێکی بەرز و یەك دەنگ سروودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) یان دەچڕیەوە، لەیلاش ئاواتەکەی هاتەدی بە جلی کوردییەوە لەسێدارە درا[١]، کاتژمێر (٧) ی سەر لەبەیانی بوو لە تەلەڤزیۆن بەیان کرا وتیان ئێستا چەند نەفەرێکتان پێ نیشان دەدەین کە موجریمن و موخەڕیبن و کاری ئاژاوەگێڕی زۆریان لە بەغدا ئەنجام داوە لەبەر ئەم کارە نەشیاوانە بڕیاری لەسێدارەدانی تا مردنیان بۆ دەرچوو لەلایەن حکومەتی بەغداوە [٢]، حزبی بەعس لەیلا قاسمـیان هێنایە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لەوێش لەیلا دانی بەهەڵوێستی کوردایەتی و شۆڕشگێریەتی خۆی دانا و لەدوای ئەوە لەسێدارەیان دا و شەهیدیان کرد[٣].

لەیلا قاسم یەکەمین ئافرەتە لەمێژووی عێراقدا تەنانەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تاکە ئافرەتە لەلایەنی سیاسییەوە لەسێدارە درابێ[٤] ، هەروەها دەڵێن چوارەمین ئافرەتی جیهانیشە لە سێـــدارە درابێ دوای هــەر یــەکــە لە: (جانـــدارکی پاڵەوانی فەڕەنسی[٥] و زۆیای ڕوسی[٢] و لەیلای مەغریبی)[٣] ، هەندێکیش دەڵێن لەیلا

---

[١] .WWW.KIWAN.NET

[٢] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، چ، ل، (شەهاب جەواد هەمەوەندی) ، س، پ.

[٣] بەرزان محەمەد، ئەحلام مەنسور:شەهید لەیلا قاسم تاجی سەری هەمووانەو سەروەرمانە، خەباتی قوتابیان، ژ (٨٩) ، (٢٠٠٩ز) ، ل٥.

[٤] بەرزان محەمەد، ئەحلام مەنسور:شەهید لەیلا قاسم......، س، پ.

[٥] جاندارکی فەڕەنسی:لەساڵی (١٤١٢ز) لەشاری (دومریمی) باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا لەدایك بووە، لەتەمەنی (١٩) ساڵی لەساڵی (١٤٣١ز) لەشاری (روان) لەهەرێمی (نورمادی) باکووری فەڕەنساپاش ئەوەی لەلایەن داگیرکەران بەتۆمەتی دەرچوون لەدین تۆمەتبارکرا بەزیندوویی سوتێنرا، ناوبانگی جاندارك بۆ ئەو سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە کەهەوڵیدا گەمارۆی هێزەکانی داگیرکەری ئینگلیزی لەسەر شاری (ئۆڕلیانز) لاببا لەساڵی (١٤٢٩ز) ، دواتر جاندارك توانی چاوی بکەوێ بەپاشای فەڕەنسی (شارلی حەوتەم) لەشاری (شینون) جاندارك توانی ڕازی بکات بۆئەوەی ڕێگەی بدات بەوکارە گرنگەسەربازییە هەڵسێ کەکردبوویە نەزر لەسەر نەفسی خۆی شاری

(ئۆرلیانز) لەژێ چرنووکی داگیرکەرانی ئینگلیز دەربێنێت و پاکی بکاتەوە، بۆیە جاندارك لەرێگەی هێزێکەوە  توانی سەربکەوێ لەشەرێك لەشاری (باتای) و هێزەکانی داگیرکەری دەرکرد لەشاری ئۆرلیانز، هەرلەوساتەوە بەجاندارك وترا (لاپوسل دورلیانز) واتە چ گەورەیەکی ئۆرلیانز!، دواتر جاندارك لەلایەن (برغونییەکان) (لە٢٣ی ئایاری ١٤٣٠ز) لەشاری کومبین بەدیل گیرا، سەرکردەی برغونییەکان (جان دو لۆکسمبۆرگ) بەرامبەر برێك پارە تەسلیمی ئینگلیزەکانی کرد، کە تۆمەتباریان کرد بەوەی کە جادوکەرەو دادگایی کرا لەدادگایەکی دینی لەلایەن ئەسقوفی شاری (بوفی) (بییر کوشون) ، هەرچەندە جاندارك بەهەموو هێز و توانایەکی بەرگری لەنەفسی خۆی کرد لەبەرامبەر دادگایە دینییەکە، بەڵام دادگا تۆمەتباری کرد بەدەرچوون لەدین و بەکافر لەقەڵەم درا.

[1] لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە جاندارك یەکێکە لەو ئافرەتانەی پێشوو کە باسمان کرد لەسێدارە دراوە، کەچی جاندارك بەدەستی ئینگلیزەکان بەزیندوویەتی سووتێنراوە، بۆیە رەنگە لای هەندێك لەخوێنەران  ئەمە جێگەی رەخنە و پرسیار و تێرامان بێ، ئێمەی توێژەریش لەمەڕ ئەم شتەدا دەڵێین لەمێژوودا زیاتر لەجۆرێك لەسێدارەدان ئەنجام دراوە بۆ مرۆڤەکان بۆ نموونە لەشۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩ز) جۆرە ئامێرێك بۆ لەسێدارەدانی لویسی شانزەهەم و ماری ئەنتوانێتی خێزانی دروستکرا لەلایەن (گلیۆتان) پێی دەوترا (مەقسەلە) ئەم ئامێرە بریتی بوو لە پارچەیەك ئاسنی تیژ لەسەرەوە بەخێراییەکی زۆر دەهاتە خوارەوە ملی ئەو کەسەی لێ دەکردەوە کە لەسێدارە دەدرا، هەربۆیە بەم ئامێرە سەری لویسی شانزەهەم و خێزانەکەی و گەڵێك لەپیاوانی کۆشك لەلاشە جیاکرایەوە بەدەستی شۆڕشگێران، بۆیە رەنگە ئەم جۆرە سووتاندنە بەزیندوویەتییەش جۆرێك بێت لە لەسێدارەدان لەمێژوودا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:کۆمەڵێ نووسەر، شۆڕشی فەرەنسی١٧٨٩ز) و هۆیەکانی بەرپابوونی و دەستکەوتەکانی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەورامان وریا قانع، چ٣، (سلێمانی٢٠٠٦) ، ل٣٣٨.

[2] زۆیای کۆسمۆدیمیانسکایا: (لەئەیلولی١٩٢٣ز) لەشاری (ئوسینوگای) سەربەکەرتی (تامبوف) لەروسیا لەدایك بوو، زۆیا قوتابی بووە لەیەکێك لەقوتابخانە ناوەندییەکانی شاری مۆسکۆ، کاتێك هێزەکانی داگیرکەری ئینگلیزی هێرشیان کردە سەر رووسیا و گەمارۆی شاری مۆسکۆیان دا، زۆیا توانی لەرێگەی کۆمەڵەیەکی پشتیوانی نهێنی کەلەدواوەی دوژمن کاریان دەکرد توانی کۆگایەکی هێزەکانی ئەڵمانی بسووتێنێ و ویستی زیاتر زەرەرمەندیان بکات، بەڵام سەربازانی ئەڵمانی دەستگیریان کرد و بەئامادەبوونی خەڵکی گوندی (بیتریشیفو) کە ئەڵمانییەکان ئەو خەڵکەیان

لەیلا قاسم حەوتەمین ئافرەتی جیهانە لەمێژوودا لەسێدارە درابێ[٢] ، ڕەنگە ئەم بۆ چوونە ڕاستتربێ لەبۆچوونی پێشوو چون جگە لەم چوار ئافرەتە، ئافرەتی تر هەبووە لەسێدارە دراوە لەلایەنی سیاسییەوە وەك پاڵەوانی جەزائیری (جەمیلە بوحەیرد) ، وەلێ هەرچۆنێ بێ لەیلا قاسم لەقالبی حزبایەتی دەرچوو و بووە هێما و ڕەمزێك بۆ میللەتی کورد و بووە فەخر و شانازییەك بۆ خاکی کوردستان کە ڕۆڵەیەکی وا لەسەر زگی لەدایك بووە، لەیلا بۆ غـەنیم و دوژمنانی سەلماند کە ئافرەتی کوردیش هیچی لەپیاوان کەمتر نییە ئەگەر زیاتریش نەبێ، هەر ئەم هەڵوێستانەشی وایکرد حەز و ئارەزووی دوژمنانی لەگۆڕ بنێ و ئەم پەندە کوردییەیان پێ بسەلمێنێ کەدەڵێ: (شێر هەر شێرە چ نێر، چ مێ)[٣].

سزای ئەو جۆرە تاوانەش سووتاندنە بەزیندوویی، سزایەکە جێبەجێ کرا لە (٣٠ی ئایار١٤٣١ز) بەزیندوویی لەشاری (ڕوان) لەهەرێمی نورمادی کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری پاریس سووتێنرا.

بەم جۆرە لەیلا قاسم تەمەنی (٢٤) بەهاری خۆی پێشکەشی گەلەکەی کرد[٤]، ئەڵێن دوای دوای تێپـەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر لەسـێدارەدانیان ئینجا حکومەتی

---

کۆکردبۆوە لە (٢٩ی تشرینی یەکەمی١٩٤١ز) بەبەرچاوی خەڵکەوە لەشاری مۆسکۆ لەسێدارەیان دا، بەرلەوەی لەسێدارەبدرێت لەدوا وشەدا بەجەللادەکانی هیتلەری وت (ژمارەمان١٧٠ملیۆنەو لەتواناتاندا نییە هەموومان لەسێدارەبدەن) ، بۆماوەی مانگێك تەرمەکەی مایەوە بەسەر ستوونی سێدارەکە، زۆیا یەکەمین ئافرەتە نازناوی پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەتی پێ بەخشراوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: www.arabic.rt.com

[١] ژیلە کەریمی، س.پ، ل١٣.

[٢] بەرزان باراوی، ئەحلام مەنسور: شەهید لەیلا قاسم زیندوو دەبێتەوە، ه: هونەر، ڕ:هەولێر دەری دەکات، ژ (٢) ، ئەیلولی (٢٠٠٩ز) ، ل٣١.

[٣] .www.kurd efrin.com

[٤] شوان غەمبار، س.پ، ل٣١.

بەعس تەرمەكانیانی تەسلیمی دەستی خانەوادەكانیان كردۆتەوە [1] ، دایكی لەیلا خۆی تەرمی لەیلای شووشتووەو دەڵێ : كاتێ تەرمی لەیلای جوانە مەرگیان تەسلیمی دەستمان كردەوە هەردوو چاویان دەرهێنابوو [2] وە جەستەی پاكی تێكچووبوو هەموو برین بوو، شوێنی ئازاردانی پێوە دیاربوو[3] ، وە ڕژێمی بەعس ڕێگری كرد لەدانانی ماتەمینی و تازیە [4] ، تەرمی لەیلا و جــەواد لەگۆڕستانی (وادی السلام) لەنەجەف نێژران [5]، دایك و باوكی لەیلا لەدوای مەرگی لەیلا بە زگیان دا، عیصمەت خانم (٤٥) شەو لەسەر گۆڕەكەی خەوتووە، بەداخەوە لەگــەورەیی ئەوخەمەی دوای دوو مانگ ئەویش ئەودنیایە بێ وەفایـەجێ دەهێڵێت [6] و ئەمیش لەگۆڕستانی (وادی السلام) لەشاری نەجەف دەنێژرێت[7] ، هەروەها (عەبدولسەلام) ی برا گەورەی لەیلا دوای لەسێدارەدانی لەیلا هەرلە لەبەغدا لەلایەن بەعسییەكانەوە شەهیدكرا، تاوانی عەبدولسەلام تەنیا ئەوە بوو كە وێنەی لەیلای خوشكی ناردبوو بۆ دەستی قوتابیانی كورد و ئە ندامانی (ی.ق.ك) لەدەرەوەی وڵات [8].

سەبارەت بەئازاردانی لەیلا دوای دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان (د.ڕەشاد میران) لەبۆچوو نێكی جیا لەبۆچوونەكانی پێشوو دەڵێ شتێكی مەنتق نییەو دوورە لەڕاستی و لەگەڵ ئاوەز ناگونجێ كەسێك دوای ئەوەی گەورەترین سزای بەسەردا

---

[1] .www.kurd efrin.com

[2] فیلمی دۆكیۆمێنتی، لەیلا...، چ، ل، (سەعدیە كچەخاڵی لەیلا) ، س، پ.

[3] .www.kurd efrin.com

[4] .www.faylee.org

[5] .www.kurd efrin.com

[6] ژیلەكەریمی، س.پ، ل١٣.

[7] بڕوانە پاشكۆی وێنەی ژمارە (٦٠) .

[8] .www.medlem.spray.se

بسەپێنرێ بەم شێوە وەحشیگەرانەیە سزا بدرێ و بگاتە ئەو ڕادەیەی چاوەکانی بە حەربە بێننە دەرەوە، سەبارەت بەدەرهاتنی چاوەکانی لەیلا پێی وایە هەموو کەسێك ئەگەر لەسێدارە بدرێ ئەوا زانستییانە چاوەکانی خۆی دێتە دەرەوە، (د.ڕەشاد میران) گەواهیدەرێکی زیندووەو خودی خۆی لەگەڵ لەیلا لە ئەمنی بەغدا گیراوەو هەر لەگەڵ لەیلا و هاوڕێکانیشی بەتۆمەتێکی کوردانەی جیا لەهەمان ڕۆژدا دادگایی کراوە، لەدوا وشەشیدا لەیلای بەکەسێکی ئازا و نەبەرد و چاونەترس وەسف کرد[1].

بەڵام (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد) گەورە مێژوونووسی کورد لەیادەوەرییەکی واقیعی خۆیدا ئەم بۆچوونەی پێشوو ڕەت دەکاتەوە، بەوەسفی لەیلا یادەوەرییەکەی دەست پێ دەکات و دەڵێ: (لەیلا قاسم زۆر گەورەبوو، تێکۆشەرێکی کوردی فەیلی زۆر دڵسۆز بوو، ڕژێمی بەعس لەگەڵ چوار لەهاوەڵانی کوڕی بەناوەکانی (ئازاد میران و نەریمان فوئاد و حەسەن حەمەڕەشید و جەواد موراد) بەیەکەوە لەسێدارەی دان، من شتێکی زۆرسەیرت بۆ دەگێڕمەوە کەهێشتا بلاّونەکراوەتەوە، بەڕێزتان دەتوانن بۆیەکەم جار لەتوێژینەوەکەی خۆتان بلاّوی بکەنەوە، ئەوە بوو (شەهابی شێخ نوری شێخ ساڵح) کە تێکۆشەرێکی کوردی زۆر بەناوبانگ بوو تەنانەت ڕۆژنامەی (تایمز) ی لەندەنی بە وردی باسی شێخ شەهابی کردبوو کەمن لەبەڵگەنامەکاندا دۆزیمەوە، ڕۆژنامەکە باسی وادەی لەسێدارەدانی (شێخ شەهابیش) ی کردبوو، کە وتبووی دوای چەندڕۆژێکی تر لەسێدارە دەدرێ، ئەوەبوو (شێخ شەهاب) لەسێدارە درا، بۆ بەیانی من و (ڕوژدی) زاوام و کەدەکاتە مێردی نەسرینی خوشکم لەگەڵ (نیهاد) ی برای شەهید ئێمە لە بەغدابووین و چووین بۆ (گب عدلی) بۆ ئەوەی لاشەکەی (شێخ شەهاب) وەربگرینەوە، کە چووینە ژوورەوە سەیرمان کرد ئەو پاڵەوانە (لەیلا قاسم) چاوەکانیان هێنابووە دەرەوە،

---

[1] دیدار لەگەڵ بەڕێز (د.ڕەشاد میران) ، م. زانکۆ، هەولێر، ڕ: (٢٠١٠/٣/٢٩ز) .

بەڕاستی من خۆم پێ نەگیرا و فرمێسك لەچاوم هاتە خوارەوە، کە هاتینە دەرەوە سەیر ئەکەم پیاوێکی پیر بە بەرگی کوردییەوە وەستاوە و هاتە لام و وتی ئەزانی من کێم؟ منیش وتم نەوەڵلاّ خاڵۆ گیان نازانم کێی بەلاّم لەبەرئەوەی جلی کوردیت لەبەرەو بەزمانی کوردیش قسە ئەکەی ئەزانم کە کوردی، وتی لەوە زیاترت پێ ئەڵێم سەرت سووڕ نەمێنێ من باوکی (لەیلا قاسم)م هاتوومە خواحافیزی لەتەرمەکەی (شێخ شەهاب شێخ نوری) بکەم، بەنسبەت خۆمەوە ئەوە شتێکی زۆر سەیر بوو کە من بەچاوی خۆم بینیم) .

سەبارەت بەو بۆچوونەی کەدەڵێ شتێکی مەنتق نییە کەسێك دوای گەورەترین سزا کە سزای لەسێدارەدانە بەشێوەیەك سزا بدرێ کە چاوەکانی بێننە دەرەوە، (د.کەمال مەزهەر) لەوەلاّمی ئەم بۆچوونەدا بەچاوێکی کراوەو زەق دەڵێ من خۆم لەیلا قاسمم بینیوە کە چاوەکانیان هێنابووە دەرەوە، دواتر وتی ئەوە شتێکی زۆر نۆڕمال و ئاساییە بۆ ڕژێمی بەعس، ڕژێمی بەعس لەمێژووی خۆیدا هەر کەسێکی لەسێدارەدابێ چاوەکانی دەرهێناوە بۆ ئەوەی کاتێ دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و پشکنینی چاو نەتوانرێ سوود لەچاوەکانی وەربگیرێ، چونکە لەڕووی زانستییەوە چاو تواناى خەزن کردنی وێنەی هەیە[١].

هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بە سەرتاپای کوردستاندا بلاّوبۆوە، هەروەها هەندێك لە چاپەمەنییەکانی ئەوساکەی جیهان هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلایان وەك لەسێدارەدانی یەکەمین ئافرەت لەمێژووی عێراقدا بلاّوکردەوە، بێگومان لەسێدارەدانی کچە کوردێك بەدەستی ڕژێمی داگیرکەری عێراق کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر لاوانی ئەو سەردەمەی کورد، کەئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەهەزاران لاوی کورد پەیوەست بن بەدۆزی ڕەوای گەلەکەیان و ڕوو لەچیاکان

---

[١] دیدار لەگەڵ بەڕێز (د.کەمال مەزهەر ئەحمەد) گەورە مێژوونووسی کورد، هەولێر، ڕ: (٢٠١٠/٤/٨ز) .

بکەن[1]، دوژمنانی کورد و کوردستان پێیان وابوو بەمە خەڵکی کوردستان ئەترسێنن و چاویان ئەشکێنن، بەپێچەوانەوە گیانی تەحەدا و بەرخودانی سەد بەرامبەر بوو، بەدەیەها گەنجی کچ و کوڕ ئامادەیی خۆیان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش نیشان دا بۆ تۆڵەکردنەوەی لەیلا و هاوڕێکانی[2] ، بەڵێ ڕاستە لەیلایەك لەسێدارەدرا، بەڵام هەزاران لەیلای تر لەدایك بوون، دوای لەیلا قاسم بە هەزاران منداڵی کورد لە سەرتاپای کوردستان بەناوی لەیلاوە ناونران، بەدەیان پیاوی بەناو قاسم ناوی کچی خۆیان ناونا لەیلا ئەمەش وەك وەفا و خۆشەویستییەك بوو بۆ لەیلا قاسم، لەیلا قاسم بوو بە چیرۆك و داستان و هەڵبەستی شاعیرانی گەورەی کورد وەك هێمن و چەندانی تر[3].

---

[1] .www.medlem.spray.se

[2] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، و، (مەسعود بارزانی) ، س، پ.

[3] .www.medlem.spray.se

**تەوەری دووەم: دەنگدانەوەی مەرگی لەیلا لەلای نووسەران و شاعیران**

دەنگدانەوەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێیانی بووەتە دەنگی زوڵاڵی خەباتگێڕی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و هەرگیز کپ ناکرێ و هەمیشە لەڕووی دوژمنانی کورد و کوردستان بەرز دەبێتەوە[1]، مەرگی لەیلا تاڕادەیەك دەنگدانەوەی هەبوو لەلای نووسەرانی کورد وەك: (ئەحلام مەنسور و مەسعود بارزانی و شیرین ئامێدی و کەریم شارەزا و زوهێر مەعروف و قەیس قەرەداغی و سامان حەمەدەمین و شیرین محەمەد بەدری و مونیرە ئومێد و ئیبراهیم تاهیر مەعروف و روفند یوسف و...هتاد) هەریەکەو بەجۆرێ خەبات و پاڵەوانیەتی لەیلایان لەلاپەڕەکانی مێژوو نەخشاند.

لە سێدارەدانی لەیلا ویژدانی شاعیرە هەست ناسکەکانی کوردی هەژاند، یەك لەمانە شاعیری مەزنی کورد هێمن موکریانی (١٩٢١_١٩٨٦ز) بوو، بەبۆنەی لەسێدارەدانی ئەم کچە قارەمانە ئەم چەند دێرە شیعرەی بۆ گیانی پاکی کردە سەوقات[2] دەقی شیعرەکەش بەم شێوەیە:

**بەهاری زەرد**

هەمیشە دەرد دەبینم، دەرد دەبینم
درۆی دوژمن دەهۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە ڕەنگی نەوبەهاری زەرد دەبینم

★ ★ ★

بەسۆزەی با کەسکڵی دڵ گەشاوە

---

[1] کەریم شارەزا، س.پ، ل١٢٣.

[2] هـ، س، ل١٢٣.

**دەروون پڕسۆزو فرمێسکم خوناوە**
**لەدووری لەیلا بەواوەیلاوشیوەن**
**دەڕۆم وپۆلێ شینگێڕم بەدواوە**

★ ★ ★

**بزەی هاتێ گوتی:ڕووناکەئەستۆم**
**وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوەپەت نییە مێدالێ ئیفتیخارە**
**کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم**

★ ★ ★

**ئەوەی بیست شاعیر و گریا بەزاری**
**ئەگەرچی بەسترابوو لێو و زاری**
**گوتی:لەیلا هەمیشە پایەداری**
**لەژێر خاکا لەپێش چاوان دیاری**

★ ★ ★

**کەتۆ تۆرای لەچاوان وەك خەوی من**
**لەبسکت ڕەشترە مانگەشەوی من**
**بڕۆ مەجنون بە لەیلای خۆت مەنازە**
**کەناوبانگی پتر ڕۆیی ئەوی من**[1]

[1] بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، س، چ، ئاوڕەحمانی حاجی مەحمود، چ٢، (هەولێر٢٠٠٦ز) ، ل٢٥٣ ؛ وریا حەبیب، دیوانی هێمن موکریانی، چ١، (سلێمانی، ٢٧٠٨کوردی) ، ل٣٤١-٣٤٢.

هەروەها (د.بەدرخان سندی) شاعیریش بەم بۆنەیەوە لەشیعرێکی درێژدا بەناوی (ئەی بوراقە) [1]، دا وەسفێکی بەرزی لەیلا دەکا، ئەمەش بەشێکە لەدەقی شیعرەکە :

**ئەی بوراقە!**

بالەکانت بکەوە،
پێش ئەوەی لەڕەنگی شینی
ئاسمان بتوێتەوە،
سەردانی شارەکانی عێراق بکە،
لەگەڵ دیجلە و فوڕات،
لەسەر گردەکانی کوردستان بسووڕێوە،
لەگەڵ لوتکە سەرکەشەکانی،
ئەمڕۆ هەمووومان (قەیسین)
بەرگەی دابڕان ناگرین،
لەیلا هەڵدەگری و بۆخۆی دەیباتەوە،
دوای ستەم و ماندووبوون
ئەی بوراقە!

---

[1] بوراقە:مەبەست لەو گیانداره باڵدارەیە کە دەڵێن لەئەسپ بچووکتر بووەو لەگوێ درێژیش گەورەتر بووە کەپێغەمبەر (د.خ) لەشەوی ئیسرا و میعراجدا پێی بەرز بۆوە بۆ ئاسمانەکان (توێژەر) .

**ئەی کەشتی پێغەمبەران،**
**دەنگی حیلەت بدە بەحەوت**
**تەبەقەی ئاسمانا،**
**بەپەرییەکان ڕابگەینە ئەوە**
**لەیلای کوردییە**
**ڕوحی جوان و بێ گەردە،**
**ئەم سەربەرزیە بەرزترە لەداری سێدارە،**
**ئەمە شەڕەفێکی بەرزە**
**هەچەندە ستەمکاران ستەم بکەن،**
**لەنێو چەوانی کورد پارێزراوەو**
**ئەمە لەیلایەو ئەمە هەموو عێراقە،**
**ئەی بوراقە!**
**سڵاو لەکۆترەکانی ئاشتی بکە[١] .**

**هەروەها (فەریت ئوزونی) شاعیری کوردی کوردستانی تورکیا لەپارچە شیعرێکدا بەناوی (کیڤوکی سپی) دا بەسەر لەیلا قاسم و پێشمەرگەدا دەڵێ:**

**هەرێن هەرێن، هەتا بەغدایێ هەرێن،**
**بێنن، ها بێنن، سەری حوسێن، دلێ بەکر بێنن،**
**سی باڤ حوسێن بیرنەکەن ها بیرنەکەن،**

[١] .www.shafaq.com

وەرە وان، وەرە وان بەسەر وان دا هەڵوەشێنن،
عەرد و ئاسمان، عەرد و ئاسمان بەسەر وان دا بڕشێنن،
حەیفەلەیلا، چرای کوردستانێ، بیستینن، ها بیستینن[1].

لەسەر زاری کچە شەهیدێکی ڤێتنامیش کە ژیانی زۆر لەژیانی لەیلا قاسمی کورد دەچێ ئەم شیعرە وەرگێراوە:

من ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم
شان بەشانی پیاو دەجەنگم
پشتم لەژێر،
داری ڕقی هەردووکمانا... دەناڵێنێ،
بەندیخانە خوێندنگامەو.. .
گیراوەکانیش هاوڕێمن،
(شمشێر) مناڵمەو (تفەنگیش) مێرد[2].

---

[1] .www.argun.org

[2] هەڤاڵ کوێستانی، ئافرەت و ژانی لەدایك بوونێکی نوێ، (١٩٧٩ز) ، ش، ن، ل بەرگی ژوورەوەی دواوەی کتێب.

هەروەها (عەلی موراد مایخان) ی شاعیریش لەشیعرێکدا بەسەر لەیلادا دەڵێ، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

**ڕۆژگار سەخت**

فەسل وەهارن، فەسل وەهـــــارن
سەرو شان خەڕی لـاشەن ئـــــازارن
لەیـلا یە ئەیدە یە خوسالْ نــــووەن
خوەشی شیویاگەیە ڕەنجــــە ڕووەن
لە چەنگ بەعسییەل گشت پەرێشـانەن
مەردم خەفـەتبار چەو وەرگریـــانەن
زومـرەی پیس!هەم غـــــــەدارەن
وەکـوشتن کورد دەســـەو کـــارەن
دەیـشت گەرمەسێر لانـــەی شێـرانە
جاگـەی لەیلا، جـای شێخـــانەن
کوشتەی لـەیلا، لانــــەت بـــارەن
هـەم بێ هورمەت ڕسـوای زەمانـــەن
بنـووڕنە کوردەیل لـەگیـان بێ زارەن
مـەلـوول ومەحزوون هەم خەفەتبارەن
لـەحـووکم بەعسێ لـــەلای نیازەن
سـەر وەقـەنارەو لـــەش وەدەروازەن
بـنووڕنـە هاڵمــان بـــیمن دەروەدەر
میـلکان وە و نسیب ئـەرەو کولە خوەر
ئـاوارە گریـاین مــاڵیش وەتـــالآن
گشتـی منـوجی ڕەنـجی چـەند سالآن
چـوپــی چەمــەری وە گریان بیومن

**قامەت چەمیاگە جوور گوچان بیومن**
**لەدومای مەرگت هەر کەیمن یادگار**
**بنوورِ جەزرەوەی حاکمی رِوزگار**
**مزگانی لەیلا، کولاّن وەکەلاّن**
**شۆرِش داگیرسا لەناوچەی گولاّن**
**برِنە و وەدەس و ئاربیجی وەشان**
**قەد گوم نێکەیگن، خوینت بی گومان**
**هەرکەس بمینیگ وەچەو خوەی دوینی**
**پێشمەرگەی پارتی هەر هەفت سینی[1].**

**هەروەها پێشمەرگەو هونەرمەندی گەورە (حەمە جەزا) ی کۆچ کردوو دوای لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، لەناوەرِاستی حەفتایەکانی سەدەی رِابردوو بەدەنگە ناوازەکەی گۆرانییەکی بەسەر لەیلا قاسمداوت، ئەوەی جێگەی داخە خاوەنی شیعری گۆرانییەکە دیارنییە و گۆرانییەکە لەسەر کاسێت تۆمارکراوە ئەگەرچی هەولێکی نەبرِاو و زۆریشم دا بۆ ئەوەی ناوی خاوەنی شیعرەکە بدۆزمەوە ئومێدم بوو رِۆژێ دیدارێك لەگەلّ بەرِێزیان سازبکەم، وەلێ بەهۆی سەرقالّی نەمتوانی پێی بگەم و مەرگی ناوادەش بەتەواوی بێ ئومێدی کردم، هەر چۆنێ بێ من گومانم وایە شیعرەکە هی خودی بەرِێزیان بێ، بەلاّم دلّنیانیم، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:**

---

[1] رِیکلامی ئەنجومەنی گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەبۆنەی سازدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە (٣٤) هەمین سالّیادی لە سێدارەدانی شەهیدی خەباتگێرِ لەیلا قاسم لەخانەقین.

ئـــــەی خـــوشکە لەیـلا
وابــۆت دەکـەم شـین و واوەیــلا
گــولاڵە سوورەی باغی کوردستان
ئەی خەبات کەری ڕێگەی نیشتمان
ئازاو مـــەردانە ڕووی کردە مەیدان
لــەسەر زاری بوو ووشەی کوردستان
ئــەی سـەرکەشی پارتی و بارزانی
پێــشمەرگـــەو هەڵۆی چیاکانی
ئـــەوا من دەڕۆم بەجێتان دێڵــم
خــاکی کوردستان بەئێوە دەسپێرم[1].

بێگومان هەستی خۆشم بەدەر نییە لەهەستی ئەو شاعیرانەی کەبەسەر لەیلادا شیعریان هۆنیوەتەوە، بەش بەحاڵی خۆشم توانیومە لەباغی وشەدا هێشووی چەند دێڕە شیعرێك بڕنمەوە، وەك وەفادارییەك کۆشش وخەباتی لەیلای پێ بچنمەوە، ئەو لەیلا قاسمەی هەمیشە چەشنی چرا و شەمێك لەدیدەمان دەسووتێ و قەتیش ناکوژێتەوە، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

**ئەمازۆن!**

لەنـاو گـوڵ وگوڵشەن چرۆیەکی بێ هاوتاو جوانی دەگمەن بوو
لەسـەوزەلانێـکی وێـران و خاپـوور شکۆفـەو نـەوخیزەن بوو
شـازادەی ئـەفسوون و ناسنامـەی سـەربـەرزی مـەفتـەن بوو

[1] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، س.پ.

لەئاهی پـڕجۆشی نەیاری لەنێو دەردا ڕەزیل وخۆرەوگێژەن بوو
شـاسـواری هـەسپـی خاك ولەمـەیدانـا مـەودا بـەزێـن بوو
کوشتەی  دەسی نامـەردو جەللادو دێوەرەو دیدەو گلێنەپژێن بوو
خانـەقـین زێـدی چاوتـروکانی شێرەکچێکی گـوڵ بـەژن بوو
پتر لەجاندارك و زۆیـاو لەیـلاو جەمیلە، ئەختەرو مـەزن بوو
دەردو زوخـاوو هـالاَوی دڵـی کـورد لـەدەسـدانـی لـەیلا بوو
تاکـە ئـەمـازۆن بـوو[1] سەربـەخۆیی وڵاتەکـەی لەمەیلا بوو
بۆتاسەی نیشتمانی چاوی ماری تیشکی لەچاوی گورگ دڕی بوو
لەململانێ ی ئازادیا ئەبلەقی چاویان بەتیغو و مووکار بڕی بوو
بێ پـەروابوو لەمـردن، بێ بـاکی لەتەناف وپەتی سێدارە بوو
لەخەیاڵی هاتنەدی مـرازوپـاراستنی سـەروەری کـەڤنارە بوو
لەکاتی ئیحتیزارالەژین ئەڵێن:ڕاداشتی بۆجلی کوردی کرد بوو
لەپێناو پەردەپۆشی ڕاز و پەنهانا ڕوحی شیرین لەلای مرد بوو
بەتەمـەنێـکی بچووکی ماخـۆی پانتاییەکی ڕەهای مێژوو بوو
بەڕەمزی فیدای گیانی مزرترلەهەمیشەلەدڵی کوردازیندوو بوو[2].

[1] ئـــەمازۆن: نـــاوێکی کۆنـــە، لەکۆنـــەوە بەئافرەتـــە ئەفســـانەییەکان دەگـــوترا، ئەوئافرەتانـــەی کەسیفەتەئەفسانەییە یۆنانییەکانیان هەبوو کەوا شەڕی یۆنانیان دەکرد و شانشینێکی ئافرەتانیان دروست کرد، وە یۆنانیش بەو ئافرەتە شەڕکەر و لەخۆبردوو و ئازایانـەی گـوت (ئەمازۆنـەکان) وە کاتێ کە ئیسپانییەکان هاتن بۆ ناوچەی ڕووبار، دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتەکە شـەڕیان لەگـەڵ کـردن تا ئەوپەڕی توانا، وەشان بەشانی ئەوانیش ئەو ئافرەتـە ئـازاو لـەخۆبردوو  بەجەرگـە ئەمازۆنییـە یۆنانییـــەکان شـــەڕیان لەگـــەڵ ئیســـپانییەکان کـــرد بۆیـــە ناویـــان لـــەو ڕووبارەنـــا ئـــەمازۆن. بڕوانە:گ:هاوبەشی، ژ (٢٣) ی تەمموزی (٢٠٠٩ز) ، ل٣٠.

[2] هونەر نەوزاد (کۆتاك) ، وڵاتێکی بێ ئالاَ و شای بێ تاج، دیوانی بلاَونەکراوە.

## بەشی سێیەم:

# کاریگەری مەرگی لەیلا لەسەر هەست و نەستەکان و هەوڵدان بۆ نەمری لەیلا

### تەوەری یەکەم:

## کاریگەری مەرگی تراژیدی لەیلا لەسەر هەست و نەستەکان

### تەوەری دووەم:

## هەوڵدان بۆ نەمری لەیلا

### تەوەری یەکەم:

### کاریگەری مەرگی تراژیدی لەیلا لەسەر هەست و نەستەکان:

### باسی یەکەم:

**کاریگەی مەرگی تراژیدی لەیلا لەسەر هەست و نەستی بارزانی و مەسعود بارزانی:**

خامەکەم ناتوانێ شوێن پێی بیرەوەرییەکانم هەڵگرێ کاتێ دەمەوێ چیرۆك و قارەمانییەتی و قوربانیدانی ئەو کەرتە خەباتکارەتان بۆ بگێڕمەوە کەلەمێشکمدا تۆمارکراوە، ئەویش شەهیدبوونی لەیلا قاسم و هاوڕێکانیەتی، لەیلا قاسم قوتابی زانکۆ و ئەندامێکی چالاکی لەخۆبردووبوو لەناو ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) لە بەغدا، کاتێ بارودۆخەکە لەگەڵ حکومەت بەرەو لێکدابڕان دەچوو تا سەر لەنوێ بکێشیتەوە بۆ شەڕ، ئێمە دەستمان دایە پێکەوەنانی هەندێك شانەی نهێنی لەپایتەخت لەناو ڕیزەکانی قوتابیاندا و بەتایبەتی لەزانکۆی بەغدا، ئەم شانەی لەیلای چووە ناو جگە لەخۆی لەم قوتابیانەی زانکۆ: (حەسەن حەمە ڕەشید و ئازاد میران و نەریمان فوئاد مەستی) و کرێکارێك بەناوی (جەواد موراد) پێکهاتبوو، ئامانج لەپێکەوەنانی ئەم جۆرە شانانەدا جێبەجێکردنی هەندێ ئەرکی تایبەت بوو لەچەند نیشانێکی هەڵبژاردە و لەکاتی پێویستدا، ڕێککەوتن لەسەر دەستپێکردنی جێبەجێکردنی هەر ئەرکێك بەبلاّوکردنەوەی نامەیەك بوو بە مۆرسێکی تایبەتی لە ڕادیۆی کوردستانەوە، پاشان دەرکەوت کەوا شانەکەی لەیلا هەرلەسەرەتاوە لەژێر چاودێری دەزگاکانی ئاسایشدابووە، بەرلەوەی ئەم شانەیە بکەوێتە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو بەگوێرەی ئەو مۆرسەی لەئێستگەی شۆڕشەوە پێی ڕادەگەیەنرا، هەموو ئەندامەکانی شانەکە گیران و خرانە ژێر ئەشکەنجەدانی دڕندانەوە بۆ ئەوەی بەزۆر ئەو زانیارییانەیان پێ بدرکێنن کەلەبارەی چالاکی خۆیانەوە دەیان زانی و بە زەبری ئازاردان ناوی ئەو کەسانەشیان پێ ئاشکرابکەن کە لەگەڵیانن، پاشان بەتۆمەتێکی ساختەو هەڵبەستراو گوایە لەماڵی یەکێکیاندا

شتێکیان دۆزیبۆوەو وتبوویان بۆمبایەیەك براوە لەسینەمایەکدا بتەقێنرێتەوە نەتەقیوەتەوە، پاشان دران بەدادگای شۆڕش، بەڵام ئەوان خۆیان تا دوایی لەبەر ئەو ئازار و سزایەدا ڕاگرت و هیچ زانیارییەکیان نەدا بەدەستەوە
و دواتر بڕیاری لەناوبردنیان درا[1].

(مەسعود بارزانی) دەڵێ: لەڕۆژێکدا هەواڵی شەهیدبوونی خوشکە لەیلا و هاوڕێیانی لە کوردستان پێمان گەیشت، کوردستان لەژێر دڕندەترین هەڵمەتی ڕژێمی فاشیستدا بوو، ڕۆژ نەبوو دەیەها شەهید نەدەین، بەڵام باوەڕبکەن هیچ ڕووداوێك بەقەت ڕووداوی لەسێدارەدانی لەیلا و هاوڕێکانی تەئسیری لەبارزانی و لە قیادەی شۆڕش نەکرد، ڕاستە بەدیمەن لەبەرچاومان ونبوون، بەڵام بەڕاستی لەیلا و هاوڕێکانی بوونە نەخش لەدڵی هەموو کوردێکدا، لەدڵی هەموو ئازادیخوازێکدا، وێنەیان بوو بەنەخش، ناویان بوو بەئاڵای سەرفرازی و بەرخودان[2].

---

[1] مەسعود بارزانی، بارزانی و...، س، پ، ل٨٦.

[2] فیلمی دۆکیۆمێنتی، لەیلا...، و، (مەسعود بارزانی) ، س، پ.

**باسی دووەم:**

**(فەخرەدین تاهیر) : لەیلا قاسم و بیرەوەرییەکی تاڵ لەتەمەنی گەنجییەتیمدا:**

لەبیرمە ئەو ڕۆژەی بڕیارمدا وەك گەنجێکی کورد لەدەستپێکی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٧٤ز)

دا ڕوو لەشاخ بکەم و ببمەپێشمەرگە، زۆری پێنەچوو تەنێ سێ چوار ڕۆژ بەسەر بڕیارەکەم تێپەڕی کردبوو من و کوڕەخاڵێکی خۆم کە بەتەمەن ساڵێك لەخۆم گەورەتربوو ڕوومان لە هیران و نازەنین کرد و دوای سۆراخ کردنی خاڵم مەجید قادر کە کادیرێکی کۆنی پارتی بوو، لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەئاداری ساڵی (١٩٧٤ز) دا سەرلەنوێ تێهەڵچووبۆوە ببۆوە پێشمەرگە و لەگەڵ لقی خاڵە مەخسود باداوەیی خوا لێی خۆشبێ بوو و بارەگایەکەشیان لەسەرەتا لەنازەنین بوو، من و کوڕەخاڵەکەم کە هەنووکە پێشمەرگەی (ی.ن.ك) ە، ڕوومان کردە نازەنین و لە لقی خاڵە مەخسود باداوەیی بووینەپێشمەرگە.

لقی ناوبراو سەربە هێزی دەشتی هەولێر بوو و ئامیرهێزەکەشی خوا لێی خۆشبێ فارس باوە بوو، لەسەر بڕیارێکی بەپەلەی هێزی دەشتی هەولێر ڕۆژێك دواتر لەگەڵ سپێدەی بەیانی زوو بارەگای خۆمان لەنازەنین پێچایەوەو لەزنجیرەچیای سەفین کەئەو بەشەی بەسەر نازەنینی دەڕوانی بەسەرکەوتین و تاگەیشتینە لوتکە بڵندەکەی چەند دەمژمێرێکی خایاند و ئێمەش هەموو پێشمەرگەکان نزیکەی (٢٥) پێشمەرگە دەبووین ڕوومان لەگوندی کانی ماران کرد، لەسەرەتا بارەگای تەواومان لەگوند لەبەرزترین شوێن کردەوە و چەندڕۆژێك دواتر کۆمەڵێك پێشمەرگەمان بەبڕیارێك بۆ دەڤەری ڕانیەو قەلادزێ بەکارێکی پێویست بە ڕێکەوتن و لەناویشیان کوڕە خاڵەکەشمیان لەگەڵ ڕۆیشت و مانەوەی منیش لەبارەگای لق هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کەتەنیا من لەناویاندا خوێندەواریم هەبوو، پێویستیان پێم بوو، ئەگەر بروسکە و نامە نووسین هەبوایە بۆ هێزی دەشتی هەولێر دەبوایە من بەئەنجامی بگەێنم، بێگومان هەندەی پێنەچوو ڕۆژێك

بەجیهازی بێ تەل ئاگادارکراینەوە کەدەبێ ڕوو لەگوندی سارتکەی خۆشناوەتی بکەین و تەنیا یەك دوو پێشمەرگەمان لەبارەگای سەرەکی مانەوەو ئێمەش (١٥) پێشمەرگە دەبووین و بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێکەوتین دواتر بارەگایەکی دیکەمان لەگوندی حاجی ئەحمەدی ناوچەی خۆشناوەتی کردەوەو بەشەو لەناو گوند دەبووین و ڕۆژانەش لەسەرشاخەکانی ئەو دەڤەرە لەسەنگەردا چاومان لەسەر سێرەی تفەنگەکانمان هەڵئەدەگرت، زۆری نەبرد شەڕ دەستیپێکرد، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعس ڕۆژانە بۆردوومانی دەڤەرەکەی ئێمەیان دەکرد، نامەوێ لێرەدا بەتایبەتی لەیادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی چیرۆکی تەواوی تەمەنی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە و ئەمەیان بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرم و هەرئێستاکەش ئەم یادەوەرییە ناخۆشەتان کەپەیوەندی بەهەواڵی بڵاوبوونەوەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانییەوە هەیە هەر بۆ مێژوو هەنووکە بەچەند دێڕێك بۆتان دەنووسمەوە، ئەوەی زۆر بەدروستی لەبیر ومێشکمدا وەك یادەوەرییەکی تاڵ و ناخۆش لەتەمەنی گەنجییەتیم تۆمار بووە، ڕۆژێك پێش لەسێدارەدانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە بوو، سێ پێشمەرگە بووین و بەرەو دەشتی کۆیە بەڕێکەوتین و دەمەو ئێوارە گەیشتینە گوندی (ئەشکەوت سەقا) و لەبارەگای لقێکی دیکەی سەربە هێزی دەشتی هەولێر لامانداو شەو لەوێ ماینەوە، سەرلقەکەیان کاك (ئاودەڵ) و جێگری سەر لقیش خوالێی خۆشبێ (حەسەن حەیران) ی شۆڕەسواری لاوك وحەیران بوو، ئەو دوو بەڕێزە لەبارەگای لقەکەیان بوون و برا گچکەکەی حەسەن حەیران، عەلی حەیرانیشیان لەگەڵ بوو عەلی حەیران دوای تێکچوونی شۆڕش لەدوای ساڵی (١٩٧٥ز) بەکارەساتی ئۆتۆمبێل لەشاری هەولێرکۆچی دوایی کرد، ئەویش وەك حەسەنی برای لەحەیران چڕیندا دەنگی خۆش بوو.

بێگومانم لەوەی دوای نان خواردنی ئێوارەی (١٣) لەسەر (١٤) ی مانگی ئایاری (١٩٧٤ز) بوو بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاك ئاودەڵ ڕادیۆیەکی

بچکۆلانەی لەکن بوو و خستییە سەر دەنگی کوردستان و هەندەی پێنەچوو دەنگوباسی ڕادیۆ ئەگەر هەڵە نەبم بەدەنگی خاڵە بارزانی مەلا خالید دەخوێندرایەوە و لەیەکەم هەواڵدا دەنگوباسی لەسێدارەدانی لەیلا و هاوڕێکانی خوێندەوەو دوای تەواوبوونی هەواڵەکانی ڕادیۆ، ژووری بارەگاکە پڕبوو لەپێشمەرگەی ئازای ئەو دەمەی دەشتی هەولێر لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە وەك کوردەواری خۆمان دەڵێن: (ژووری بارەگاکە وەك ئاشی ئاوبڕاوی لێهات) پێشمەرگەیەك نەبوو ورتەیەکی لەدەمی بێتە دەرەوە، خەمباری و پەشۆکاوییەکی سەیری لەلای زۆربەمان دروست کردبوو.

هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی ئەو شەوە هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەو بارەگایە بووین ئەوهای ڕاچلەکاندین، پێم وایە هەتا دونیا دونیایە لەبیر و ئەندێشە و یادەوەرییە تاڵەکانی نەتەوەکەمان بەگشتی و ئێمە و ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەی ئەوێ ڕۆژێ بەتایبەتی هەروا ئاسان نییەلەبیرخۆمانی بەرینەوە، بۆیە ئەمە یەکێکە لەتاڵترین یادەوەرییەکانی تەمەنی گەنجییەتیم و هەرگیز هەرگیز لەبیر و مێشکمدا ناسڕێتەوە.

لەدوماهیدا ئەوەی ماوە بیڵێم:ئەوانەی بەهەڵوێست و کردەوەکانیان مێژووییەکی زیندوویان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان دروست کرد نموونەی هەرە بەرزیان لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بوون[1].

---

[1] فەخرەدین تاهیر، لەیلا قاسم و یادەوەرییەکی تاڵ لەتەمەنی گەنجییەتیمدا، گ:هەڵبوون، ژ (٢٧) ، (٢٠٠٩ز) ، ل٣٩_٤٠.

## تەوەری دووەم: هەوڵدان بۆ نەمری لەیلا:

### باسی یەکەم:

ڕۆژی دووشـەممە ڕێکـەوتی (٢٠٠٨/٥/١٢ز) کاتـژمێر (٥) ی ئێـوارە، لەناوەنـدی ڕۆشنبیری فەیلی

لـەبارەگای گشـتی هـەولێر و بـەهاوکاری لەگـەڵ وەزارەتـی شـەهیدان و کاروبـاری ئەنفالکراوەکان، یاد و ڕێزلێنانی (٣٤) ساڵەی لەسێدارەدانی لـەیلا قاسـم و هاوڕێکـانی بەرز ڕاگیرا[١] وە بەئامادە بوونی سەرۆکی ناوەندی ڕۆشنبیری فـەیلی (م.سـامی فـەیلی) و هـەروەها بـەئامادەبوونی زۆرێـك لـە بەرپرسـان وکـادیرانی حزبـی و شـاعیران و بنەماڵەی شەهیدان و بەئامادەبوونی کۆمەڵێك کەناڵی ئاسمانی وەکو: (کوردستان تـی ڤـی و سـۆمەرییە و سـەحەر و فـورات و ئەلحورییـەو عیراقییـە (٣، ٢، ١ ) و کـەناڵی چاکسـازی تورکمـان و زاگـرۆس و کـەناڵی بـریس) مەراسـیمەکە گـەرم و گـوڕتر و قەشەنگ تر بەڕێوەچوو[٢] .

### باسی دووەم:

نووسەر و چیرۆکنووس (م.ئەحلام مەنسور) قەڵەمێکی ئازا و بوێرەو ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لەناو نووسەرانی کورددا بەتایبەتی ئافرەتان، ماوەی چەند مانگێك دەبێت سەرقاڵی نووسینەوەی ژیانی شەهید (لەیلا قاسم) ە، کە بەشێوەی سیناریۆ دایڕشتووەو دەیەوێت بەهاوکاری هەردوو دەرهێنەر (بەهزاد موختار) و (ناسر حەسەن) بیکاتە درامایەك تا لەڕێی ئەم درامایەوە ژیان و ئازایەتی ئەو شەهیدە و مێژووی کوردایەتی شاری خانەقین بە نەوەی نوێ ئاشنا بکات[٣]، ئەمەش هەوڵێکە بۆ نەمرکردنی ناوی (لەیلا قاسم) لەداهاتوودا.

---

[١] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٦) .

[٢] .www.gilgamish.org

[٣] بەرزان باراوی، س.پ، ل٣٠.

**باسی سێ یەم:**

هونەرمەندی لاوی دەرهێنەر (ئەمیرتەها) فیلمێکی دۆکیۆمێنتی دەربارەی خاتوو لەیلا قاسم بەرهەم هێناوە لەساڵی (٢٠٠٩ز) و ڕەنجێکی زۆری لەگەڵ کێشاوە و لەچەند شارێکی کوردستان نمایشکرا، هەروەها ئەو فیلمە لە فیستیڤاڵی لەندەن بۆ فیلم وەرگیراوە و بەشداری لەپێشبڕکێی فیلمە دۆکیۆمێنتییەکان دەکات [١]، ئەمەش هەوڵێك بوو لەلایەن دەرهێنەر بۆئەوەی ناوی لەیلای شۆڕشگێڕ هەمیشە بەنەمری بمێنێتەوە، ژیان و خەباتی لەیلا قاسم بەنەوەی ئێستا و ئایندە بناسێنێ.

**باسی چوارەم:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەڕۆژانی (٢٠تا٢٣/٢/١٩٩٢ز) کۆنفرانسێکی تایبەتی بۆ شەهید لەیلا قاسم لەهەولێر سازدا [٢] لەژێر دروشمی (ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری) بەکیانێکی دیموکراتییانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا، چەند بڕیارێکی گرنگی تێدا دەرکرد دەربارەی شەهیدانی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجە و ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی [٣]، ئەمەش بەهەوڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ نەمرکردنی ناو و بەرز ڕاگرتنی یاد و ڕوحی پاکی لەیلا قاسم.

**باسی پێنجەم:**

ئەنجومەنی گەرمیانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە (٢٠٠٨ز) هەڵسا بەسازدانی یەکەمین کۆنفرانسی تایبەت بە (٣٤) هەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی

---

[١] کرێکار تەحسین، لەیلا قاسم هێمایەك بۆ بەرخودان، کوردستانی نوێ، ژ (٥٠٣٧) ، (٢٠٠٩ز) ، ل٢٣.

[٢] (١) بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٧) .

[٣] (٢) شیرین ئامێدی، ئافرەت و...، ب١، (هەولێر١٩٩٨ز) ، ل٥٣-٥٤.

شەهیدی خەباتگێڕ (لەیلا قاسم) لەخانەقین[1] ، ئەمەش یەکێکیترە لەهەوڵەکانی نەمرکردنی ناوی لەیلا قاسم.

**باسی شەشەم:**

هەر بەمەبەستی ئاوڕدانەوەیەك لەخەبات و تێکۆشانی لەیلا قاسم حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەك فێرگەو نەخۆشخانەی بەناوی ناوبراوەوە ناونا لەشارەکانی کوردستان وەکو :

١- قوتابخانەی لەیلا قاسمی بنەڕەتی کچان[2].
٢- دواناوەندی لەیلا قاسمی ئێوارانی کچان، ٢٠٠٣ز[3].
٣- ناوەندی لەیلا قاسمی کچان[4].
٤- ئامادەییا لەیلا قاسم یا کچان ل (١٩٩٧ز) هاتەدانان[5].
٥- بنکەی تەندروستی شەهید لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە لەهەولێر[6] .
٦- بەشە ناوخۆیی لەیلا قاسمی کچان لەهەولێر[7].
٧- سێ ریانی لەیلا قاسم، لەسەر هێلی (٦٠) مەتری نزیك کارگەی ئالیکسازی هەولێر.

---

[1] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٢ ) .
[2] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٦) .
[3] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٣) .
[4] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٥) .
[5] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٤) .
[6] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٧) .
[7] بڕوانە پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٨)

## باسی حەفتەم:

بارەگــای لقــی پێنجــی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان لەڕێکــەوتی (٢٠٠٦/٥/١٥ز) بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٣٢) ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی لـەیلا قاسـم و هاوڕێکـانی لـەهۆڵی شـەهید لـەیلا قاسـم هەڵسـا بەسـازدانی ئاهـەنگێك، بابەتەکانی ئاهەنگەکەش بەم شێوەیە بوو: سەرەتا دەستپێك و دواتـر دەقەیـەك وەسـتان بـەبێ دەنگـی بـۆ گیـانی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردی لەسـەرووی هەمووانـەوە (مسـتەفا بـارزانی) دواتـر وشـەی لقـی پێنجـی پـارتی دیموکراتی کوردستان لەلایـەن بەرپرسـی لقـی پێـنج (محەمـەد ئـەمین دەلـۆیی) خوێندرایەوە، دواتر وشەی خێزانـی شـەهید لـەیلا قاسـم پێشـکەش کـرا، دواتـر شیعرێکی درێژ لەلایەن (د.بەدرخان سـندی) شـاعیر بەناونیشانی (لـەیلا قاسـم) خوێندرایــەوە، دواتــر شــاعیر (محەمــەد بــەدری) شــیعرێکی درێــژی بــەکوردی بەناونیشــانی (لــەیلا) خوێنــدەوە، دواتــر شــانۆگەرییەکی بچــووك لەســەر دادگـاییکردنی لـەیلا قاسـم پێشکەشـکرا، لـە ئامـادەکردنی (حەسـەن کـاکی) لـە دەرهێنانی (عەبدولحوسێن حەیدەری) ، ئەکتەرەکان، ئەنسام نـوری ڕۆڵـی لـەیلا قاسمی بینی، ئینتیسار زوهێری ڕۆڵی دایکی بینی، مەهدی جەبار ڕۆڵـی دادوەری بینـی، دواتـر خستنەڕووییەکی تایبـەت لەلایـەن قوتابیـانی پەیمانگـەی هونـەرە جوانــەکان بــە ســەرۆکایەتی هونەرمەنــدی کــورد (مســتەفا بورهــان) ، دواتــر شـیعرێکی درێـژی کـوردی لەلایـەن شـاعیر (عـەلی جـەمیل) خوێنرایـەوە، دواتـر گۆرانییەکی کـوردی لەلایـەن هونەرمەنـد (سـەعدون کاکـەیی) پێشکەشـکرا، بـەم شێوەیە کۆتایی هات[1] .

---

[1] بلاّوکراوەی بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## دەرئەنجام

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەچەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

١_ (لـەیلا قاسـم) ی پاڵـەوان زۆرکـەم جێگـەی بایـەخ پێـدانی نووسـەران و مێژوونووسانی کورد بووە، ئەگەر سەرنج بدەین بـەدەیان بلیمـەت و تێکۆشـەری کوردی لەیلا قاسم ئاسا فـەرامۆش کـراون و ئاوڕیـان لێ نەدراوەتـەوە لەمێـژووی کورددا، بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەیلا قاسم عـەرەب بوایـە یـا لـە هـەر نەتەوەیـەکی ڕۆژهەڵات بوایە بێجگە لەکورد یا هەر نەتەوەیەکی ڕۆژئاوایی بوایە ئـەوا ئێسـتا خودان چەندان کتێب و نووسـراو دەبـوو، بـۆیەپێویستە لەسـەر مێژوونووسـانی کورد نەتەوە ویست بن نەك بێگانەو غەوارە پەرست.

٢- ئەگەر سەیرێکی مێژوو و خەباتی ئافرەتانی کورد بکەین، دەبینین زۆرن کە مێژوو تا ئەو سەردەمە ناویان ئەهێنن و شانازیان پێوە ئەکەن، وەکو زنجیرەیەك یەك بەدوای یەك و هەریەکە و بەچەشنێ خەباتیان کردووە بۆمیللەتەکەیان وەکو: (فاتمەخانی جاف، مریەم وەیسی ڕەسوڵ، عادلە خانم، خاتوو عیسمەت ئەیوبی، قەدەم خێر فەیلی، ڕەوشەن بەدرخان، حەپسەخانی نەقیب،. ..هتاد) ، (لەیلا قاسم) یش یەکێکە لەو ئافرەتە مەزنانەی کورد کە خەباتێکی گەورە و دڵسۆزانەی بۆ میللەتەکەی کرد.


٣_کورد هەمیشـە ڕێگـەی دیـالۆگ و گفتوگۆی بەچارەسـەری یەکـەمی کێشـەکان زانیـوە و شەڕیشـی بـەدوا چارەسـەری کێشـەکان دانـاوە، بـۆ گەیشـتن بەمـەرام و مافەکانی ئامـادەبوو هاوپەیمانییـەتی یـاخود بەیاننامـە و ڕێککەوتننامـە لەگـەڵ هــەر هێــز و لایــەنێك مــۆر بکــات بەمەبەســتی گەیشــتن بەمافــە ڕەواکــانی، بەیاننامــەی (١١ی ئــازاری ١٩٧٠ز) لەگــەڵ ڕژێمــی بــەعس ڕەنگدانــەوەی ئــەو بۆچوونەی کوردە.

٤_ئەگەرچی بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠ز) لەسەرەتادا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەمێژووی کورددا، کورد لەڕێگەی ئەو بەیاننامەوە بەگەلێك مەرام و هیوای

**خۆی گەیشت، بەڵام ئەم بەیاننامەیە نەخرایە بواری پراکتیکی و جێبەجێکردنەوە وحکومەتی بەعس پاشگەزبووەوە لەو بەڵێنانەی بەکوردی دابوون و بەیاننامەکە سەبارەت بە کورد تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوو.**

**٥- بوونی تەرمەکانی (لەیلا قاسم و دایکی لەیلا و جەواد موراد) لە شاری نەجەف و گۆڕستانی وادی سەلام شتێکی نامۆیە و بۆیە پێشنیار دەکەین هێسك و پرووسکی تەرمەکانیان بەیارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان بگەڕێنرێتەوە شاری خانەقین و لەسەر گردێکی بەرز بنێژرێن و تاکو نەوەی داهاتوو سەردانی گڵکۆکانیان بکەن و هەرگیز فەراموش نەکرێن.**

# پاشکۆی
# وێنەکان




پاشکۆی وێنەی ژمارە (١) [١]

(دەریاچەو لق و چۆمەکانی ڕووباری دیجلە)

---

[١] اطلس العالم،المؤسسة العلمية للوسائل التعليمية،دارالشرق العربى لطباعة والنشر والتوزيع،(٢٠٠٣م).



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢)**

**(لەلای چەپەوە: یەکەم کەس (لەیلا قاسم) ە لەتەمەنی منداڵی)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣)**

**(لەیلا قاسم و قۆناغی سەرەتایی)**



**پاشكۆی وێنەی ژمارە (٤)**
**(لەیلا قاسم و تەمەنی هەرزەكاری)**



**وێنەی پاشكۆی ژمارە (٥)**
**(لەڕیـزی پێشەوە دانیشتووەكان بەلای ڕاستەوە: یەكەم كەس (لەیـلا قاسم)ە، لەگەڵ قوتابیانی هاوپۆلی لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی) .**

پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦)

(لەیلا قاسم لەقۆناغی

خوێندنی سەرەتاییدا)




پاشکۆی وێنەی ژمارە (٧)

(لەیلا قاسم لەقۆناغی

خوێندنی سەرەتاییدا)





**پاشکۆی وێنەی  ژمارە (٨)**

**(قاسم حەسەن باوکی لەیلا)**




**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٩)**


**(خاتوو عیصمەت محەمەد**

**دایکی لەیلا)**

**پاشكۆی وێنەی ژمارە (١١)**

**(صەفا قاسم برا بچووكی لەیلا)**




**پاشكۆی وێنەی ژمارە (١٠)**

**(عەبدولسەلام قاسم برا گەورەی لەیلا)**



پاشکۆی وێنەی  ژمارە (١٢)

(عەبدولسلام قاسم برا گەورەی لەیلا)

پاشکۆی وێنەی  ژمارە (١٣)

(سەبیحە قاسم خوشکی لەیلا)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (١٤)




پاشکۆی وێنەی ژمارە

(١٥)

(ڕیزی دواوە بەلای

ڕاست دووەم

کەس لەیلایە لەگەڵ

خێزانەکەی)





پاشکۆی وێنەی ژمارە (١٦)

(ڕاوەستاوەکان بەلای چەپەوە یەکەم کەس لەیلایە لەگەڵ خێزانـەکەی)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (١٧)

(ئەڤینی کچی عەبدولسەلام برازای

لەیلا قاسم)

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (١٨)**

**(لەلەی ڕاستەوە: سباح  قاسم، لەیلا قاسم، صەفا قاسم)**





**پاشکۆی وێنەی ژمارە (١٩)**

**(ناسنامەی لەیلا قاسم)**





الاقسام الداخلية للطالبات



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٠)**

**(تۆماری لەیلا قاسم لەقوتابخانەدا)**





**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢١)**

**(تۆماری ڕەگەزنامەی لەیلا قاسم)**

ژمارە: ..................

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەزگای شەهیدان

فۆرمی ئامارکردنی شەهیدان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی چوار قۆڵی شەهید | لیلی قاسم حسن علی |
| ٢ | سەر بە چ حزبێکی کوردستانە | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٣ | ساڵی لە دایک بوون | ١٩٥٠ — عەشیرەت: وندی |
| ٤ | شوێنی لە دایک بوون | گوند: بارەیل — ناحیە: — — قەزا: خانەقین — پارێزگا: دیالە |
| ٥ | ساڵی پەیوەندی بە شۆڕش | ١٩٦٥ |
| ٦ | ساڵی شەهید بوونی | ١٩٧٤ |
| ٧ | جێگای شەهید بوونی | ابو غریب |
| ٨ | پلەی پێش شەهید بوونی | پلەی عەسکەری: — — پلەی سیاسی: ئەندام |
| ٩ | شێوەی شەهید بوونی | ئیعدام کراوە لە لایەن رژێمی بەعسا |
| ١٠ | سەر بە چ هێز یان سوپا بووە | — |
| ١١ | مسئوولی راستەوخۆی کێ بووە | — |
| ١٢ | شەهید | پیاو — ئافرەت: — — منداڵ |
| ١٣ | ناوی وارسی شەهید | صفاء قاسم حسن علی |
| ١٤ | ناوی ئەو شوێنەی کە یارمەتی لێ وەردەگرێت | — |
| ١٥ | ڕادەی مووچەی کە وەردەگرێت | — |
| ١٦ | جێگای دانیشتنی وارسی شەرعی | بەغداد |
| ١٧ | ئاوارەی ئێران بووە | نەبووە — لە ساڵی .......... تاکو ساڵی .......... |
| ١٨ | ئەو لایەنەی کە تەزکیەی دەکات | پارتی دیموکراتی کوردستان / ل.ق. خانەقین / ڕێکخراوی خارج |
| ١٩ | بەڵێنی وارسی شەرعی | من (صفاء قاسم) وەکو وارسی شەرعی کە ئەم سەر ژمێریە پڕدەکەمەوە خۆم بەرپرسیارم لە راستی و دروستی وەڵامەکان لە دوا رۆژ دا |
| ٢٠ | تێبینی | ٧/١٠/٢٠١١ — مۆری پەنجە |

دروستە



هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەزگای شەهید

ژمارە: ..................

سەوزمێری گشتی شەهیدان

خێزانی شەهید

| ژمارە | ناوی تەواوی خێزانی شەهید | ساڵی لەدایک بوون | کورد | عەشیرەت | پلەی خوێندەواری | پیشە و کاری | زیندووە | مردووە | [illegible] | جێگای دانیشتن | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | | | | | | | | | | |

دایک و باوکی شەهید

| [illegible] | ناوی تەواوی | ساڵی لەدایک بوون | کورد | عەشیرەت | پلەی خوێندەواری | پیشە و کاری | زیندووە | مردووە | جێگای دانیشتن | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| باوک | قاسم [illegible] | ١٩١٥ | [illegible] | [illegible] | نیە | | | / | | |
| دایک | [illegible] | ١٩٢٦ | [illegible] | [illegible] | نیە | | | / | | |

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٢)**

**(فایلی لەیلا قاسم لەوەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان)**


## پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٣)

## (فایلی لەیلا قاسم لەوەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان)



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٤)**

**(لاپەڕەیەکی تر لە فایلی لەیلا قاسم)**




وزارة الداخلية ـ مديرية الجنسية والاحوال المدنية العامة

مديرية / دائرة

صورة قيد للتسجيل العام لسنة ١٩٥٧

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٥)**

**(لاپەڕەیەکی تر لەفایلی لەیلا قاسم) .**



هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

دەزگای شەهید

ژمارە

سەرژمێری گشتی منداڵەکانی شەهید

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٦)**

**(دوا لاپەڕ لە فایلی لەیلا قاسم)**



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٧)

پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٨)

(لەیلا قاسم و قۆناغی زانکۆ)





**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٢٩)   (لەناوەڕاستەوە: لەیلا قاسم لەگەڵ دووهاوڕێی زانکۆی)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٠)   (لەلای ڕاستەوە: لەیلا لەگەڵ دوو هاوڕێی زانکۆی)**






**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣١)**

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٢)**

**(لەناوەڕاستەوە: لەیلا لەگەڵ دوو هاوڕێی زانکۆی)**



پاشکۆی وێنەی (٣٣)

(لەلای چەپەوە: لەیلا لەگەڵ دوو هاوڕێی زانکۆی)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٤ )

(تابلۆی لەیلا قاسم لەلایەن هونەرمەند خالد جبر)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٥)

(لەیلا قاسم و قۆناغی زانکۆ)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٦ )

پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٧ )

(لەلای چەپەوە: لەیلا قاسم لەگەڵ هاوڕێیەکی زانکۆی)

(لەلای چەپەوە :لەیلا قاسم لەگەڵ دوو هاوڕێی زانکۆی)





پاشكۆی وێنەی ژمارە (٣٨)

(زانكۆی بەغدا_ كۆلیژی ئاداب)



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٣٩)**

**(ناسنامەی شەهید جواد مراد)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٠)**

**(جەواد موراد لەتەمەنی ٢٩_٣٠ساڵی)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤١)**

**(لەلای ڕاستەوە شەهیدان:ئازادمیران، نەریمان فوئاد مەستی، لەیلا قاسم، حەسەن حەمەڕەشید، جواد موراد)**



اعترافات زمرة التخريب العميلة

پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٢)

(وێنەو هەواڵی هەرپێنج پۆلە شەهیدەکە لەماڵپەڕی ڕۆژنامەکاندا)





پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٣)

(لەیلا قاسم لەڕاستەوە:بەبەرگی مەدەنی، لەچەپەوە بەبەرگی پێشمەرگەیی)





**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٥)  پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٤)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٦)**

**(یادی (٣٤)ساڵەی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی لەلایەن ناوەندی رۆشنبیری فەیلی کرایەوەو ڕوحی شۆڕشگێڕان بەرز نرخێندرا) .**



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٧)

(کۆنـفرانسی لەیلا قاسم ١٩٩٢/٢/٢٠،

لەلای چەپەوە:شیرین ئامێدی، نەناسراو)

.



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٨)

(دیمەنێکی جوانی شاری خانەقین)



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٤٩)  (دیمەنێکی جوانی شاری بەغدا)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٠)**

**(لەلای ڕاستەوە: سەدام حوسێن_  مەسعود بارزانی_ حماد شەهاب_  ئەحمەد حەسەن بەکر _ عیزەت دوری_ئیدریس بارزانی_د.مەحمود عوسمان، بەغدا_گۆڕەپانی ئازادی -١٢ی ئازاری (١٩٧٠ز) .**



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥١)

(وێنەی چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانی کورد کە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە گوێ لەڕادیۆ دەگرن)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٢)

(سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر)



**پاشكۆی وێنەی ژمارە (٥٣)**

**(پەیكەری شەهید ئازاد سلێمان لەشەقلاوە)**



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٤)  (شەهید حەسەن حەمە ڕەشید)



پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٥)

(لەلای چەپەوە: شەهید ئازاد سلێمان مــیران لەگەڵ دوو هاوڕێی زانکۆی)



القبض على زمرة التخر

التخريب العميلة وأ



الجمهورية

والعالية تواصل الأشارة


اعترافات

مواد متفجرة

پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٦)

(هەواڵی دەستگیرکردنی لەیلا قاسم و هاوڕێکانی

لەڕۆژنامەی کۆماری (الجمهوریە) بلاّوکراوەتەوە)



المجد والخلود لشهداء شعبنا

خه بات

النضال

لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني

العدد ٥١٩

اواسط حزيران

الافتتاحية

شهداؤنا لن تذهب هدراً

حزيران اجمل



الطغمة البعثية الحاكمة تنفذ حكم الاعدام

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٧)**

**(ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥١٩)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٨)**

**(دیمەنێکی گۆڕستانی (وادی سەلام) لەشاری نەجەف)**





**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٥٩)**

**(گۆڕی شەهید لەیلا قاسم لەگۆڕستانی (وادی سەلام) لەشاری نەجەف )**




**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٠)**

**(لەلای ڕاستەوە  وێنەی گۆڕی دایکی لەیلا قاسم لەهەمان گۆڕستانی ناوبراو)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦١)**

**(وێنەی گۆڕی شەهید (جواد موراد) گۆڕی ناوبراو لـەتەك گۆڕی (لەیلا قاسم) ە، لە (وادی سەلام) لەشاری نەجەف)**




پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٢)

(کۆنفڕانسی لەیلا قاسم لەخانەقین)







**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٣)**

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٤)**







**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٥)**

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٦)**







**پاشکۆی وێنەی  ژمارە (٦٧)**

**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٨)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٦٩)**

**(دانیشتوو: پـــاڵەوانی جەزائیری جەمیلە بوحەیرد)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٧٠)**

**(پاڵەوانی ڕوسی زۆیا)**



**پاشکۆی وێنەی ژمارە (٧١)**

**(تابلۆی کچەپاڵەوانی فەڕەنسی جانــدارک)**

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم:دەستنووسە بلاّونەکراوەکان**

**١_هونەر نەوزاد (کۆتاك) ، ولاّتێکی بێ ئالاّ و شای بێ تاج، دیوانی بلاّونەکراوە.**

**دووەم: دۆکیۆمێنتی بلاّوکراوە**

**٢_فیلمی دۆکیۆمێنتی لەیلا هێمایەك بۆ بەرخودان، سیناریۆ و دەرهێنانی (ئەمیرتەها) ، (هەولێر ٢٠٠٩ز) .**

**سێ یەم: چاوپێکەوتنەکان**

**٣_ ڕەشاد میران (دکتۆر) ، هەولێر، بەرواری (٢٠١٠/٣/٢٩ز) .**

**٤_ صەفا قاسم حەسەن، هەولێر، بەرواری (٢٠١٠/٧/٦ز) .**

**٥_ کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر) ، هەولێر، بەرواری (٢٠١٠/٤/٨ز) .**

**٦_محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی، هەولێر، بەرواری (٢٠٠٩/١١/٥ز) .**

**چوارەم: کتێب**

**أ_کتێب بە زمانی کوردی**

**٧_بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، سەرپەرشتی چاپ ئاوڕەحمانی حاجی مەحمود، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، (هەولێر٢٠٠٦ز) .**

**٨_پەرتووکی مەیدانی، ڕێزمان وخوێندنەوەی کوردی، پۆلی شەشەمی سەرەتایی، دانانی لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، (٢٠٠٩ز) .**

**٩_جەلالی ئەمین بەگ، مێژووی کورد و هاوسێکانی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، بەشی یەکەم، شوێن نادیار، (٢٠٠٣ز) .**

١٠_خالید شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ڕەئیس مستەفا عەبدوڵڵا لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، (سلێمانی ٢٠٠٦ز) .

١١_سامان حەمەدەمین عەلی، خەرمانی خەباتی شەهید ئازاد میران و هەڤاڵانی، شوێن نادیار، (٢٠٠٣ز) .

١٢_شاخەوان فایەق ئەلیاس، مەعریفەی مێژوو، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، (سلێمانی٢٠٠٩ز) .

١٣_شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەرگی یەکەم، (هەولێر١٩٩٨ز) .

١٤_شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چاپخانەی وەزارە تی ڕۆشنبیری، بەرگی دووەم، (هەولێر١٩٩٩ز) .

١٥_عەبدوڵڵا غەفور (دکتۆر) ، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشووری کوردستاندا، بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق_١٩٧٧ز، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (سلێمانی٢٠٠٥ز) .

١٦_فوئاد حەمە خورشید، کەرکوك لەبەڵگەنامەکاندا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، (هەولێر٢٠٠٧ز) .

١٧_فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١١ی مارتی١٩٧٠_١١ی مارتی١٩٧٤ز) ، چاپخانەی منارە، (هەولێر٢٠٠٨ز) .

١٨_فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، حەمەشەریف حەمەغەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، (هەولێر ٢٠١٠ز) .

١٩_کەمال مەزهەر ئەحمەد (دکتۆر) ، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، (٢٠٠٩ز) .

٢٠_كۆمـــەڵێ نووســـەر، شۆڕشـــی فەڕەنســـی (١٧٨٩ز) هۆیـــەکانی بـــەرپابوونی و دەستکەوتەکانی، وەرگێـڕان و ئامـادەکردنی، هـەورامان وریـا قـانع، چـاپخانەی ڕەنـج، چاپی سێ یەم، (سلێمانی، ٢٠٠٦ز) .
٢١_مارف عومەرگوڵ (دکتۆر) ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تـازەی نێودەوڵەتاندا، بلاّوکراوەی ئاراس، چاپی چوارەم، (هەولێر٢٠٠٧ز) .
٢٢_مەسعود بـارزانی، بـارزانی و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بـەرگی سـێ یـەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١_١٩٧٥ز) ، چاپی یەکەم، (هەولێر٢٠٠٤ز) .
٢٣_هـەڤاڵ کوێستانی، ئـافرەت و ژانـی لـەدایك بـوونێکی نـوێ، چـاپخانەی ڕاپـەڕین، (سلێمانی ١٩٧٩ز) .
٢٤_وریـا حـەبیب، دیـوانی هـێمن موکریـانی، پەخشـانگای ئـازادی، چـاپی یەکـەم، (سلێمانی، بەهاری ٢٧٠٨ی کوردی) .

ب_کتێب بە زمانی عەرەبی

٢٥_ابراهیم طاهر معروف الرباتی (دکتور) ، المراة الکردیة ودورها في المجتمع الکردي، (اربیل ٢٠٠٤م) .
٢٦-اطلس العالم، المؤسسة العلمیة للوسائل التعلیمیة، دارالشرق العربی لطباعة والنشـر والتو زیع، (٢٠٠٣م) .

پێنجەم: گۆڤار

٢٧_ بەرزان محەمەد، ئەحلام مەنسور:شەهید لـەیلا قاسـم تـاجی سـەری هەمووانـەو سەروەرمانە، خەباتی قوتابیان، گۆڤارێکی رۆشنبیری ڕێکخراوەیی مانگانـەی ئۆرگـانی یەکێتی قـوتابیانی کوردستانە، ژمارە (٨٩) ، تشرینی یەکەم (٢٠٠٩ز) .

٢٨_جەبار قادر (دکتۆر) ، ژنانی کورد لەمێژوودا، رۆشـنبیری کوردسـتانی، گۆڤـارێکی وەرزییـە بایـەخ بـەکاروباری رۆشـنبیری کوردسـتان و عێـراق دەدات، ژمـارە (١٢) ، نیسانی (٢٠٠٤ز) .

٢٩_شـوان غـەمبار، شـەهید لـەیلا قاسـم، هاوبەشـی، گۆڤارێکـە دەسـتەیەك لـەخاوەن پێداویسـتییە تایبەتییـەکانی باشـووری کوردسـتان بـەهاوکاری سـەنتەری رۆشـنبیری بەهرە دەریدەکەن، ژمارە (٢٣) ، تەمموزی (٢٠٠٩ز) .

٣٠_فـەخرەدین تـاهیر، لـەیلا قاسـم و بیرەوەرییـەکی تـاڵ لەتەمـەنی گەنجییەتیمـدا، هەڵبوون، گۆڤاری بیرو بۆچوونە جیاوازەکان، ژمارە (٢٧) ، (٢٥) ی ئایاری (٢٠٠٩ز) .

٣١_کەریم شارەزا، کچە کـوردی خـەباتگێڕ و بـووکی کوردسـتان شـەهید لـەیلا قاسـم، k٢١، گۆڤارێکی کلتووری-زانستی- مێـژوویی- بەڵگەنامـەیی- نەتـەوەیی- وەرزی ئـازادە، ژمارەی جمك (٣، ٢) ، (٢٠٠٨ز) .

٣٢_محەمەد عەبدوڵلاً کاکەسوور (دکتۆر) ، (١٤ی تمموزی ١٩٥٨ز) کودەتا یـان شـۆڕش، مێـژوو، گۆڤـارێکی مێـژوویی وەرزییـە، کۆمەڵـەی رۆشـنبیریی مێـژوویی کوردسـتان دەریدەکات، ژمارە (١٥) ، ساڵی چوارەم، (بەهاری ٢٠١٠ز) .

**شەشەم: ڕۆژنامە**

**أ_ڕۆژنامە بەزمانی کوردی**

٣٣_بـەرزان بـاراوی، ئـەحلام مەنسـور:شـەهید لـەیلا قاسـم زینـدوو دەبێتـەوە، هەفتەنامـەی هونـەر، ژمـارە (٣) هەفتـەی (٤٢) ئـەیلولی سـاڵی (٢٠٠٩ز) ، ڕۆژنامـەی هەولێر هەموو چوارشەممەیەك دەریدەکات.

٣٤_ژیلـە کـەریمی، یـاد و ڕێزێـك بـۆ لـەیلا قاسـم، خـەبات ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی ڕۆژانەیە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمـارە (٣١٧٦) ی سـێ شـەممە (١٩) ی مایسی (٢٠٠٩ز) .

٣٥_كرێكـار تەحسـين، لـەيلا قاسـم هێمايـەك بـۆ بـەرخودان، كوردسـتانی نـویّ، ڕۆژنامەيـەكی سياسـی گشـتييە يـەكێتی نيشـتمانی كوردسـتان دەريـدەكات، ژمـارە (٥٠٣٧) ، چوارشـەممە (٢٠٠٩/١٢/٢ز) .

ب_ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی

٣٦_ضياء عبدالخالق المندلاوي، الاسطورة الكوردية ليلى قاسم، التاخي، جريدة يوميـة تصـدر عـن دار التـاخي للطباعـة والنشـر_بغـداد، العـدد (٥٨٦٣) ، (الخمـيس ١٣ ايـار ٢٠١٠م).

حەفتەم: سەرچاوە ئەليكترۆنييەكان (ئينتەرنێت)

٣٧-argun,ji kuraya dLe min namayek

. ٢٠٠٩/٥/٢٤/(http://www.argun.org )

٣٨_chyako,LayLa qasim,

. ( (http:// www.nndb.com/

٣٩- روفند اليوسف (الدكتور) ، خالدة........لةيلا قاسم،

. (http:// www.kurdefrin.com/vbL forumdisplay.php?f=٣١)

٤٠- ڕێناس نەورۆزی، كوردستان، لەيلا قاسم تێكۆشەری،

( http:// www.medLem spray.se/kurdish heroyes

. (poetry.htmL

٤١_ (زهيرالمعروف، ليلى قاسم البطلة الكوردية فخر النساء العراقيـات شـهيدة العقيـدة الصاد قة والمبادىء السامية نهلت من نهر الونـد السرمدي عـزة وكرامـة وصـلابة المـراة الكوردية البا)

. (http:// www.hekar.net/modules.php?name=asdah)

٤٢-شيرين محمدالبدري، ليلى قاسم ورفاقها برهنوا انهم قادرون على التضعية بـالروح في سبيل ان تبقى راية الكورد ترفوف فى سماء الكردستان،
. (http:// www.krg.org/)
٤٣_عبدالاله الصائغ، ليلى قاسم شهيدة العشق الكوردي،
. (http://www.ALNOORE.se/author.asp?id=٥٨)
٤٤_قاسم حوسێن، بۆ لەیلا قاسم،
. (http:// www.barzannews.com/details.htmL)
٤٥-قيس قرداغي، في ذكرى الثالثة والثلاثين لاستشهاد ليلى قاسم،
. (http:// www.rojava.net)
٤٦-ليلى قاسم حسن...تاريخ امراة صنعت التاريخ،
. (http:// www.kiwan.net/forums search.php? )
٤٧-محمودالوندي، ليلة القبض على ليلى قاسم،
. (http:// www.faylee.org/)
٤٨- منيرة اميد (الدكتورة) ، عروسة كورستان وبطلتها الخالدة (ليلى قاسم) ،
. (http:// www.giLgamish.org/viewarticle.php?)
٤٩_(waan yassen:LayLa qasim eenvrouwmet moed.
. (http://www.azady.nl/)
٥٠_www.marefa.org.
٥١_www.arabic.rt.com.
٥٢_www.forum.brg٨.com.

لـەیلا قاسـم تاکـە ئافرەتـە لەمێـژووی عێـراق و تەنانـەت ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیش لەلایـەنی سیاسـییەوە لەسـێدارە درابـێ، دەشڵـێن چـوارەمین ئـافرەتی جیهانیشـە لەسێدارە درابێ دوای هەریەك لە : (جانـدارکی فەڕەنسـی و زۆیـای ڕوسـی و لـەیلای مەغریبی) ، هەندێکیش دەڵێن حەوتەمینی جیهانە، ڕەنگە ئەم بۆ چوونە ڕاستتربێ لەبۆچوونی پێشوو چون جگە لەم چوار ئافرەتە، ئافرەتی تر هەبووە لەسێدارە دراوە لەلایەنی سیاسییەوە وەك پاڵەوانی جەزائیری (جەمیلە بوحـەیرد) ، وەلێ هەرچۆنێ بێ لەیلا قاسم لەقالبی حزبایەتی دەرچوو و بووە هێما و ڕەمزێك بۆ میللەتی کورد و بووە فەخر و شانازییەك بۆخاکی کوردستان کە ڕۆڵەیـەکی وا لەسـەر زگـی لـەدایك بووە، لەیلا بۆ دوژمنانی سـەلماند کـەئافرەتی کـوردیش هیچـی لـەپیاوان کـەمتر نییـە ئەگەر زیاتریش نەبێ، هەر ئەم هەڵوێستانەشی وایکـرد حـەز و ئـارەزووی دوژمنـانی لەگۆڕ بنێ و ئەم پەندە کوردییەیان پێ بسەلمێنێ کە دەڵـێ: (شـێر هەرشـێرە چ نێـر، چ مێ) !دەبێ گەورەیی و ئازایی لەیلا قاسـم چـەند بـووبێ؟!! کـاتێ لەڕێکـەوتی (٢٨/ ١٩٧٤/٤/٢٩) لەڕاشـکانی شـەودا مەفرەزەیـەکی بـەعس هەڵدەکوتنـە سـەرماڵەکەی و دەستبەسـەری دەکـەن، لەبـەر سـادە و سـاکاری لـەیلا قاسـم یـەکێك لـەو گـەورە ئەفسەرانەی کەمۆڵەتی گرتنی لەیلا قاسمی پێ ڕاسپێردرابوو کاتێ لەیلا دەبینێ بەم چەشنە سادەییەوە بە واق وڕمانـەوە پێـی دەڵـێ: چـما تـۆ لـەیلا قـاسمی ئـەو هـەرا و هۆریایە و کاروباری حکومەتێکت تێکداوە؟!! ئازایی و نەبەردی لەیلا قاسـم لـەزمانی ئــەو ئەفســەرە زۆر بــەڕوونی بەدیاردەکــەوێ، کچــێك بــەم تەمەنــە بچــووکەیەوە کاروباری حکومەتێك تێك بدا و حکومەتێك بەدەستیەوە مەفتون بووبێ، ئایـا دەبـێ چ بـڕوا بـەخۆبوونێك و لەخۆبووردەییـەك و ئازایەتییـەك لـەم کچـەدا هـەبووبێ؟!! ســەرەنجام دوای تەمــەنێکی کــەم وەلێ پــڕ بایــەخ، ئــەم قارەمانــە و هاوڕێکــانی لەبەرەبەیانی (١٩٧٤/٥/١٣/١٢ز) بەدەستی ڕژێم لەسێدارە دەدرێن.